# دەقئاویزانی کلتووری
# لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

## بە نموونەی (عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت)

**د. سروشت جەوهەر حەوێز**
زانکۆی کۆیە ـ کۆلێژی پەروەردە ـ بەشی کوردی
srusht.jawhar@koyauniversity.org

**پێشەکی**

ئەدەب دیاردەیەکە لە ژێر کاریگەریدایە، دەقئاویزانیش لە ڕێگەی کاریگەریی نووسەران لەسەر یەکتری جا بە ئەدەبی پێش خۆیان بێت یا سەردەم و کاریگەریی مێژوو و کلتوور و ئەدەبیاتی بێگانە و.... لە دەقەکانیان ڕەنگدانەوەی دەبێت، نووسەر وێنای هەستە ناوەکییەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی پێدەدات، لە دەرەوە بە شێوەیەکی هونەریی بەرز، بەمەبەستی جووڵاندنی لایەنە پێکراوەکان لە وەرگردا. دەقئاویزانی ئەدەبی گەڕانە بەدوای پەیوەندیی نێوان دەقە ئەدەبییەکان و دۆزینەوەی ئەو کاریگەری و کارلێککردنەی لە نێوانیاندا هەیە. دەقئاویزان لە سەرەتادا لە ئەورووپا سەری هەڵداوە دواتریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەدەبی عەرەبیدا و دواتریش لە ئەدەبی کوردیدا، هەرچەندە ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا چەمکێکی نوێیە و دەتوانین بڵێین تا پێش ڕاپەڕین زۆر بەکەمی شت لەسەر ئەم بابەتە دەبینرێت، دیارە دەق بەبێ دەقئاویزان نابێت، لە ڕووی وەرگرتن و داهێنان و توانای نووسەرەوە، لەمەوە بایەخی نووسەرت بۆ دەردەکەوێت. لێرەدا دیاردەکانی دەقئاویزان و دەقئاویزانی کلتووری لە شیعردا و لە چەند شیعرێکی شاعیرانی هاوچەرخ (عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس) بەنموونە ڕاستەوخۆ ئەو بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوەکەماندا دەکاتەوە. دەقئاویزانی کلتووری لای ئەم شاعیرانەی هاوچەرخ بەهەڵبژاردەی چەند نموونەیەك، هەوڵێکە

بۆخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرانە بەپێی دەقئاوێزان. سنووری لێکۆڵینەوەکەشمان تایبەتە بە چەمکی دەقئاوێزانی کلتووری لە شیعردا بەتایبەتی، چەند شیعرێکی (عەبدوڵاپەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆبێکەس )یشمان بە نموونە وەرگرتووە، لێکۆڵینەوەکەمان بەو چوارچێوەوە بەندکردووە تا بتوانین بەچڕی گشت لایەنەکانی ڕوون بکەینەوە. لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی، وەسفی شیکاری پراکتیکی کراوە. بنیادی لێکۆڵینەوەکەشمان بەم جۆرە داڕشتووە، جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و زاراوە و کورتەیەك لە مێژووی دەقئاوێزان و جۆرەکانی دەقئاوێزان ؛ خودی - ناوەکی - دەرەکی و جیاوازیی نێوان دەقئاوێزان و دزی ئەدەبی کراوە. لە بەشی دووەمیشدا باس لە دەقئاوێزانی کلتووری شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەفسانە و کلتوور و داستان و پەندی پێشینان و حیکایەت و گۆرانی فۆلکلۆری کراوە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان

زاراوەی دەقئاوێزان وەک زاراوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی سەرەتا لای فەرەنسییەکان بەکارهاتووە (intertextualite)ی بۆ بەکارهێنراوە، لە زمانی ئینگلیزیشدا (intertexuality)ی بۆ بەکارهاتووە، (الزغبی١٩٩٥، ٩)، بەواتای تێکەڵاوبوون یا بەیەکداچوونی دەق دێت. لە زمانی عەرەبیشدا لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا زاراوەی (التناص)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی فارسیشدا (امیختن)ی بۆ دانراوە واتە (امیختە کردن) تێکەڵاوبوون ئاوێتەبوونی دوو دەق یا زیاتر دێت (محمود،٢٠١٢، ١٩_٢٣). لە زمانی کوردیشدا زاراوەی دەق ئاوێزان بەرامبەر (التناص)ی عەرەبی و (امیختن)ی فارسی دانراوە، گوتەیەکی لێکدراوە لە (دەق+ئاوێزان) پێکهاتووە، بە واتای ئاوێتەبوونی دەق دێت، جگە لەم زاراوەیە لە زمانی کوردی زاراوەی تریشی بۆ بەکارهاتووە لەوانە نێودەقی یا بەناویەکداچوونی دەقەکان...، کە بۆ دەربڕینی پەیوەندیی دوو دەق یان چەند دەق، کە لە دەقێکی تر ئامادە دەبن یا ڕەنگدەدەنەوە (ئەسوەد،٢٠١١، ٧٨). دەقئاوێزان واتە تێکەڵاوبوون و ئاوێتەبوونی دوو دەق یازیاتر لە دەقێکی تازەدا واتە ((کۆکردنەوەی چەند دەقێکی جیاواز لە دەقێکی نوێدا، کە دەقە جیاوازەکان دەکەونە گفتوگۆو دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا بەمەش دەقە نوێکە لە دایک دەبێت بە مژین و فراوانبوونی لە دەقەکانی تر، جا هەندێ جار دەقەکانی پێشتر دژ بەیەکیشن، کە هەڵمژینیان تێدا دەکرێت، بەڵام شاعیر بە پێکهاتەی واتا و دەلالەتی نوێ لە دەقە نوێکەدا واتە لە دەقی دەقئاوێزانەکەدا کۆی کردوونەتەوە)). (محمود،٢٠١٢، ٢٥). گەر بێینەسەر پێناسە و چەمکی دەقئاوێزان ئەوا نووسەر و ئەدیبان هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەڕوانێتە ئەم پرۆسەیە و دەیناسێنن. لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو، جولیا کریستیڤا لە پێناسەی دەقئاوێزاندا دەڵێت: ((دەقئاوێزان کۆچی دەق و بەناویەکداچوونی دەقەکانە، لە فەزای دەقێکی دیاریکراودا چەند دەستەواژەیەک یەکتر دەبڕن کە لە دەقەکانی ترەوە وەرگیراون)) (تشاندلر،٢٠٠٨، ٣٣٨) لێرەدا سەرچاوە جیاوازەکانی دەقمان بۆ دەردەکەوێت کە جەخت لە پەیوەندیی نێوان دەق

و سەرچاوەکانی دەکاتەوە بەواتای ئەوەی گواستنەوەی دەستەواژەکانە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر بە بەرگێکی نوێوە دەقێکی تازە بەرهەم دێت. دەقئاوێزان ((یەکێکە لە سیما بنەڕەتییەکانی دەق کە ئیحالەی دەقەکانی پێش خۆی یان هاوچەرخیمان دەکات)). (مەحمود،٢٠١٢، ٢٧) واتە دەقئاوێزان ئەو کردارەیە، کە دەق بەڕووی دەقەکانی تردا دەکاتەوە، وەکو خاسیەتێکی گرنگ لە نێو دەقدا کاردەکات و دەقێکی تازە بەرهەمدێت بە فۆرم و واتا و شێوازێکی تازە. هەروەها جولیا کریستیڤا پێی وایە ((دەقئاویزان جۆرێکە لە سوود وەرگرتن لە دەقێکی دیکە، کە ئەمەش زۆر جار بە دوو شێوە دەبێت، ١. دەقئاوێزانی دیار، ئەم جۆرە لە دەقئاوێزانی هەریەک لە (وەرگرتن) و (تێئاخنین) لەخۆ دەگرێ، هەروەک بە دەقئاوێزانی بە ئاگایی، یان هەستیش دەناسرێتەوە. ٢. دەقئاوێزانی نەستی، پێی دەگوترێ دەقئاویزانی شاراوە، لەم جۆرەیاندا نووسەر بێ ئاگایە لە ئامادەیی دەقێکی تر، لە نێو ئەو دەقەی خەریکی بەرهەمهێنانیەتی )). (خەیات،٢٠١٢، ٨٧) واتە شاعیران و نووسەران کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە جێهێشتووە، ئەو کاریگەرییەش لە نەستدایە بەبێ ویستی خۆت بێ یا بەویستی خۆت بێت، لە دەقەکەیدا بەواتا و فۆرمێکی جیاواز لە دەقی پێشتر دایدەڕێژێتەوە.

(مارک ئەنجینۆ)ش بەم جۆرە پێناسەی دەقئاوێزان دەکات و دەڵێت: ((ئەو دیالێکتیکی بیرهێنانەوەیەی کە دەقێک بەرهەمدێنێت هەڵگری شوێنەواری دەقە یەک لە دوای یەکەکانە )) (الصكر،١٩٩٨، ١٨٤) لێرەدا ئاماژە بەکرداری بیرهێنانەوە کراوە لە سەرچاوەی ڕۆشنبیری بەرهەمهێنەری دەق، کە مەبەستمان نووسەرە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی تر، ئەو وەبیرهاتنەوەیە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەقێکی تازە لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە، بەم کردارەش دەقەکان بەڕووی دەقێکی تردا دەکرێتەوە بۆ ڕاکێشان و ئامادەبوونی واتا و دەلالەتەکانی بە بەرگێکی نوێوە و بۆ لەدایکبوونی دەقێکی تازە، ئەم کردارەش لە بەهای داهێنانی نووسەر و ئەفراندنی دەقێکی ڕەسەن کەم ناکاتەوە، واتە دەقئاوێزان تەنها گواستنەوە و وەرگرتن نییە، بەڵکو گۆڕان و دابڕینی نوێبوونەوە و فراوانبوونی تێدا دەکرێت بەوەی (دەقێک چەند دەقێکی پێش خۆی لە شێوەی وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن و ئاماژە لەخۆ دەگرێت، کە لە

سەرچاوەی رۆشنبیری و باگگراوندی نووسەر و دەقەکەی ئاوێتە دەبن و دەقێکی نوێ بەرهەم دێت) (الزغبی،١٩٩٥،٩). باختین دەڵێت ((خودی یەک وشە دەقئاوێزانی تێدا دەردەکەوێ، چونکە دەقئاوێزان ناوەندێکی هەمیشە زیندوو هەمیشە گۆڕاوە و ئاڵوگۆڕی گفتوگۆی تێدا ڕوودەدات)) (کریستیفا،١٩٩١، ٢١). گەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێ، کە یەک وشەش بۆی هەیە دەقئاوێزانی تێدا بکرێ، چونکە بابەتێکی چالاکە و هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە لە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ دەقدا لە ڕێگەی فرەواتایی و فرەدەنگی و فرە سەرچاوەکانی دەق لە وشەیەکدا، کە بە دانوستان و فرە دەنگی و فرەواتایی وشە لە دەقەوە هەیە، کە ئەمەش وا دەکات بەردەوام دەق لە نوێبوونەوەدا بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە دەق فرەواتایە بە چەند لا یەنێک دەتوانین دەقەکان شیبکەینەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر دەقێک بخوێنێتەوە لە چەند لایەنێک بیرۆکەیەک وەردەگرێ و دەقئاوێزانی دەکات لەگەڵ بەرهەمەکەی خۆی، ئەمەش سەرکەوتنی نووسەر دەردەخات، چونکە هیچ نووسەرێک نییە سەد لە سەد خۆی بێت. (ڕۆلان بارت)یش پێی وایە ((دەقئاوێزان قەدەری هەموو دەقێکە،، تەنیا بە مەسەلەی سەرچاوە، یان کاریگەرییەوە ناوەستێت، دەقئاوێزان بوارێکی گشتی شێوازە نادیارەکانە، کە بەدەگمەن ئەسڵەکەی دەزانرێت)).( جوف،٢٠٠٤،١٢٢) واتە هەموو دەقێک بە شێوەیەک لە شێوەکان دەقئاوێزانی تێدایە جا بە کاریگەربوون بێت یا بەهەر شێوەیەک بێت شتێکی بچووکیش بێت ئاماژەی تێدایە، کە لە دەقێکی ترەوە وەردەگیرێت، بەمەش دەقئاوێزان کاری خۆی لەدەقدا دەکات، هەندێجار نووسەر خۆشی بەمە نازانێت و داهێنانی تێدا دەکات. بەگوێرەی ئەم پێناسانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر دەقێک لە ئەنجامی یەکتربڕی دەقەکانی دیکەوە بەرهەم دەهێنرێت و بەکردەی دەقئاوێزانیش دەقێک بە فۆرم دەلالەتێکی تازەوە لە دایک دەبێت. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە دەڵێین لە ئەنجامی یەکگرتن و ئاوێتەبوونی پەیوەندیی دەقەکانی تر و کاریگەربوون بە دەقێکی تر دەقێکی تازە بەرهەم دێت، مەبەست ئەوەیە دەقئاوێزان جوینەوە یا دووبارەی دەقەکەی تر نییە بەو ئاوێتەبوون و کاریگەرییە، یا هەمان ڕوانین و درێژەپێدەری ئاسۆی دەقەکەی تر نییە، بەڵکو توانەوە و سەرلەنوێ

دارِشتنەوەی ئەو دەقانەیە کە کاریگەرە پێی و وەریان دەگرێت، واتە کردنەوەی دیالۆگ و لەگەڵ ئەو دەقەی کاریگەرە پێی بە ئامانجی سەرلەنوێ دارِشتنەوە و تەوزیفکردنێکی نوێ بە جیهانبینییەکی نوێ و جیاواز، بە شێوازی نوێ و جۆراوجۆرو بە واتا و دەلالەت و بەرگێکی نوێوە دایدەرِێژێت و بەمەش داهێنانی تێدا دەکات. کەواتە دەقئاوێزان بوارێکی فراوانی هەیە بۆ پەیوەندیکردن بە دەقەکانی تر و تێکەڵاوبوونی دەقەکان، بەمەبەستی سەرلەنوێ دارِشتنەوە بە واتا و دەلالەتی جیاواز دەقێکی تازە لەدایک بێت و داهێنانی تێدا دەکرێت، ئەمەش بەڵگەی زیندوویەتی نووسەر دەردەخات.

**تەوەری دووەم : کورتەیەک لە مێژووی دەقئاوێزان**

مێژووی دەقئاوێزان هەروەکو لێکۆڵەرانی تیۆری ئەدەبیش پێیان وایە دەگەرِێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری (( (بەراوردکارەکان) ئەم چەمکەیان وەک ئامرازێکی شیکاری لە ژێر ناوی پەیوەندی (کاریگەری و کارتێکەری-Influences) بەکار هێناوە)) (خمری،٢٠٠٧، ٢٥٣) واتە دەقئاوێزان وەکو زاراوەیەکی رەخنەی ئەدەبی لەدوای ئەدەبی بەراوردکاری دەرکەوتووە لە سەدەی بیستدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ناگەیێنێت، کە دیاردەی دەقئاوێزان لە کۆندا نەبووە، بەڵکو هەر وەکو (جیرار جنێت) دەڵێت: ((شایانی ئاماژە پێدانە کە دەقئاوێزان دیاردەیەکی دەقی گشتییە و هیچ جۆرێکی ئەدەبی، کۆن یان نوێ، نییە کە ئەم دیاردەیەی تێدا بەرچاو نەکەوێت. بۆ نموونە ئەدەبی فەرەنسی بۆ ماوەی چەندین سەدەی بەدوای یەکداهاتوو، بوارێکی چالاک بوو بۆ ئەم دیاردەیە لە نێوان ئەو و ئەدەبی یۆنانی و لاتینیدا. خوێنەری ئەو کاتە، لە شیعرێکی رۆزارد دا، سیماکانی کۆپلەیەکی ڤێرجیل و یەکێکی هۆراس یان پیندار ی بەدی دەکرد )). (بەرزنجی،٢٠٠٦، ٢٧-٢٨) واتە دەقئاوێزان لە کۆنەوە هەبووە بەڵام بەو شێوە و زاراوەی ئێستا نا، بەڵکو بەناوی کاریگەری و کارتێکردن و..... هتد، چونکە لەکۆنەوە کاریگەربوون و کارتێکردن هەبووە، رەسەنایەتی و سەرکەوتوویی و زیندوویەتیی نووسەریش لەو کاریگەربوون و کارتێکردن و هەڵمژینی دەقەکانەوە دەردەکەوێت.

لەلایەکی ترەوە دەقی پێش سەردەمی نووسەر و هاوسەردەمی خۆی و هەموو ڕووداو و هەر شتێک لەوانە کە دەبنە سەرچاوە بۆ نووسەر دەقێکی تازە لەدایک دەبێت و بە واتا و دەلالەت و فۆرم و چەمکی واتایی جیاواز. دواتر دەقئاوێزان وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی سەرەتا ((لەلای ئەدیب و ڕەخنەگرە رۆژئاواییەکان لە چەرخی نوێدا سەری هەڵداوە، یەکێک لەو ڕەخنەگر و ئەدیبانەی کە درکی بەم شێوە پەیڕەوکردنە کردبێت، ڕەخنەگر و ڕۆمان نووسی فەڕەنسی (موریس بلانشۆ) بووکە لە کتێبی (لوتر ئیمونت و سادید) لە ساڵی ١٩٦٣باسی کردووە)). (قادر، ٢٠١١، ١٣) دواتر لای ((جولیا کریستیڤا لە ساڵی (١٩٦٦-١٩٦٧) لە چەند توێژینەوەیەکی زانستی دەرکەوت. ئەم توێژینەوانەش لە هەردوو گۆڤاری (تیل کویل-Tel Quel) و (کریتیک- Critic) دا بڵاوبوونەوە، دواتریش لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (سیمیوتیک-Semeioteki) دا)) (الرباعی،٢٠٠٦، ٢٠٣) هەرچەندە پێش کریستیڤا، (باختین) لە کتێبەکانی دەقی ڕۆمان و پێشەکی کتێبی (دیستۆفیسکی)دا ئاماژەی بە گفتوگۆ و فرەیی و بەیەکداچوون و هەڵمژین کردووە، لە بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا، پێیوایە بنەمای بەرهەمهێنانی دەق وەرگرتنی گوزارشتەکانی پێش خۆیەتی لەڕێگەی دابڕینەوە داهێنانیش دەکات، نووسەریش کاتێک سەرکەوتوو دەبێت خۆی بە وشەی کەسانی تر دەوڵەمەند بکات و لەڕێگەیەوە دەتوانێت زیاتر گوزارشت لە هزری بکات، لە شوێنێکی تریش ئاماژە بەوە دەکات هەموو گوتارێک بریتییە لە گوتاری تر جا بەشێوەی ئاشکرابێت یا شاراوە، ئەم ئاماژەدانەی باختین بە گفتوگۆ و کاریگەربوونە دەبێتە سەرەتایەک و بۆ چەمکی دەقئاوێزان لای کریستیڤا. (ناظم،٢٠٠٤، ١٨-٢٠).

مێژووی دەقئاوێزان لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا لە پێش سەردەمی ئیسلام هەبووە، بەڵام بەو زاراوە و دەرکەوتنە و سیما تازەیەی ئێستا نا، بەڵکو لە ئەدەبی بەراورددا لە کتێبە کۆنەکانی ڕەخنەی عەرەبیدا باسی دزیی ئەدەبی و تێهەڵکێشکردن و وەرگرتن و کاریگەری و...هتد کراوە، واتە لە ڕەخنەی عەرەبیدا ئاماژە بە هەندێ هاوواتاکانی دەقئاوێزان کراوە، بەڵام بە زاراوەی دەقئاوێزان (التناص) نەبووە، دواتر زاراوەی دەقئاوێزان، لە چەمکە تازەکانی ڕەخنەی عەرەبیشدا ئەو کاتە پەیدا بووە، کە گوتاری نوێی ڕەخنەی عەرەبی کەوتە ژێر کاریگەریی تێز و جیهانبینیی ڕەخنەگرە

ئەوروپییەکانەوە، دواتر ڕەخنەگران و نووسەرانی عەرەب لە ژێر کاریگەری جیهانبینیی ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیست زاراوەی (التناص)یان بەکارهێناوە لە توێژینەوەکانیاندا بۆچوون و سەرنجی خۆیان خستەڕوو. (محمود،٢٠١٢، ٥١). مێژووی چەمکی دەقئاوێزان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا کۆن نییە و نوێیە، ئەگەر سەرنجی مێژووی ڕەخنەی کوردی بدەین (لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، تا پێش ڕاپەڕین، هیچ وتارو نووسینێک لەسەر ئەم بابەتە بەرچاو ناکەوێ، بەڵام زیاتر ئەوەی بەرچاو بکەوێت و باسی لێوە کرابێ دزین و وەرگرتن و تێهەڵکێشکردن بووە، ئەمەش بۆ بارودۆخی ئەوسای کوردستان دەگەڕێتەوە بەهۆی نەبوونی دەزگایەکی وەرگێران و نەبوونی کتێبی وەرگێڕدراو دەربارەی ئەو بابەتە و لەلایەکی ترەوە نەبوونی پەیوەندیی ڕۆشنبیر و نووسەران بەدەرەوە هۆکارێکی ترە، بۆیە ئەم بابەتە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی درەنگ دەرکەوت، تا دواتر لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەورە لە ئاست کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا ڕوویدا، وردە وردە پردی پەیوەندیی ڕۆشنبیری لە نێوان کوردستان و جیهاندا کرایەوە، ڕەوتی جیهانبینی و بزووتنەوەی وەرگێڕان و کردنەوەی پێشانگای کتێب لە ئاست کوردستان و عێراقدا ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر ڕەوتە ڕۆشنبیرییەکە داناوە. لێرە و لەوێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتی وەرگێڕان و ڕەوتی لەسەر دەقئاوێزان دەبینرا). (مەحمود،٢٠١٢،٦٤-٦٥) کەواتە دەقئاوێزان لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردیدا، لە پێش ڕاپەڕیندا زۆر بەکەمی یان هەر هیچ نووسینێک یان وتارێک لەسەر ئەم چەمکە بەرچاو ناکەوێت، تا دواتر لە دوای ڕاپەڕین لە ئەدەبی کوردیشدا جێگیر بووە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، دوا بە دوا باسی ئەم چەمکە کراوە، پەرەی سەندووە و لە کتێبەکاندا بڵاوبۆتەوە.

**تەوەری سێیەم: جیاوازیی نێوان دەقئاوێزان و دزیی ئەدەبی**

ئەگەر ئێمە سەیری هەردوو چەمکی دەق ئاوێزان و دزیی ئەدەبی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە و پێچەوانەی یەکترن. کاتێک نووسەر یان شاعیر دەقێک دەنووسێت چەندین دەق و ڕووداو و بارودۆخ

و.... هۆکار هەن کە دەبنە سەرچاوە بۆی و دەبنە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەندبوونی دەقەکەی، واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی جیاواز و باگراوندە ڕۆشنبیرییەکەی، بەکارهێنانی دەق و سەرچاوەکانیش ئەوە ناگەیێنێت کە دەقاودەق کۆپی بکرێت، بەڵکو تەنها بەشێکی کەم یان تەنها بیرۆکەیەک لە دەقەکە وەردەگرێ، نووسەرەکە وەک پاڵپشتییەک وتەکەی پێدەردەبڕێت و ئاماژە بە سەرچاوەکەش دەکا، ئەمەش دەبێتە دەقئاوێزان واتا تێکەڵاوکردنی دەقەکان بە لەباوەشکردن و بەیەکداچوون لە نێوان دەقەکاندا. بەڵام ئەگەر هاتوو نووسەر ئاماژەی بە دەقە وەرگیراوەکە نەکرد و وشەو هزر و وتەی کەسانی تری برد و لە نێو دەقەکەی بەکاری هێنا بەدەر لە چەمکە ئاکارییەکان، ئەوا بە دزیی ئەدەبی دادەنرێ، کە ئەمەش ئاکارێکی دوورە لە ڕەوشتی مرۆڤانە. واتە دزیی ئەدەبی هیچ پرۆسەیەکی داهێنانێکی تێدا نییە، بەڵکو تەنها کۆپیکردنە. بەڵام دەقئاوێزان بەهۆی تێکهەڵکێشان و بەیەکداچوونی دەقەکان و دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت بە واتا و دەلالەت و شێوازێکی تازە، پرۆسەی داهێنان ئەنجام دەدات، کە ئەمەش پێویستی باگراوندی ڕۆشنبیری و توانا و زانیاریی گشتگیر هەیە.

دەقئاوێزان بابەتێکی فراوانە و زۆربەی دەقەکان دەقئاوێزانی تێدایە، کە ئەمەش گرنگیی دەقئاوێزان دەردەخات لە نێو ئەدەبدا، واتە دەقئاوێزان لە یەک چوارچێوەدا نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام لە بەرەو پێشچووندایە، چونکە لە دەقئاوێزاندا دەق دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ دەقەکانی تردا جا بە لادان یا جێگرتنەوە یا بەر هەر شتێکی تربێت، کە جەخت لە بنیادی قووڵ و دەلالەتە شاراوەکانی دەق دەکات، بەمەش نووسەر داهێنان دەکات بەوەی ئەو وشەیە یا بیرو هزرە، کە پێشتر بەبێ ئاگایی وەریگرتووە و لە یادگەی ماوەتەوە سەرلەنوێ لە دەقەکەیدا بە واتا و دەلالەتی نوێ دادەڕێژێتەوە و داهێنانی تێدا دەکات و بەردەوام دەبێت. بەڵام دزیی ئەدەبی هەر لە ناو یەک چوارچێوەدایە و هیچ بەرەو پێشچوون بەخۆیەوە نابینێت و هیچ پرۆسەیەکی نوێ لەبواری ئەدەب و داهێنانی تێدا نابێت، بەڵکو دەکەوێتە بنیادی ڕووکەشیی دەقەوە و بە ئاگایی و هۆشمەندانەوە ئەو کارە دەکات. (مەحمود،٢٠١٣، ٧٥-٧٦) واتە تا خۆمان لە دزیی ئەدەبی بەدوور بگرین، ئەوا زیاتر داهێنان لە نێو دەقەکان دەکەین

و دەگەین بە ئاستێکی هونەری و ڕۆشنبیریی بەرز. ئەمەش لای ڕەخنەگران بەڕوونی دەردەکەوێت، چونکە ڕەخنەگر لە دەقئاوێزاندا ڕەهەندی داهێنەرانەی بەرهەمەکە دەردەخات و دیاری دەکات، بەڵام لە کاری دزیی ئەدەبیدا کاری دزییەکە دیاری دەکات و هەوڵی سەر زەنشتکردنی دزیکارەکەش دەدات.

**ئەوەی جێگای سەرنجە**، هەندێ جار جۆرە تێکەڵبوونێک لە نێوان دەقئاوێزان و بەراوردی ئەدەبیدا ڕوودەدات. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەر یەک لەو دوو بوارە کار لە سەر بابەت و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دوو دەق دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا هەریەک لە بەراوردی ئەدەبی و دەقئاوێزان دوو بواری جیاوازن لە یەک. (د. زاهیر لەتیف کەریم) لە توێژینەوەیەکی لە ژێر ناونیشانی (ئارگیومێنتی نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و دەقئاوێزان)دا، چەند جیاوازییەکی لە نێوان ئەدەبی بەراوردکاری و دەقئاوێزان دەستنیشان کردووە لەوانە :

١. دەقئاوێزان بە کاری جیاوازییەکان هەڵناسێت، بەڵکو تەنها لێکچوونەکان دەکات بە چەقی نووسینەکان، کە ئەمە پێچەوانەی بەراوردکارییە، بەراوردکاری لە یەک کاتدا بەکاری لێکچوون و جیاوازییەکان هەڵدەستێت.

٢. ئامانجی دەقئاوێزان دەستنیشانکردنی خەسڵەت و کەسێتی و ڕۆشنبیریەتی ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهانییە کە پێچەوانەی ئەدەبی بەراوردکارییە.

٣. بەراورد لە پێناو کارنامەکانیدا پشت بە چەندین ڕێبازی ڕەخنەیی دەبەستێت، بەڵام دەقئاوێزان خۆیی بۆ خۆی ڕێبازێکی ڕەخنەییە و لە کارەکانیدا تەنها پشت بە خۆی دەبەستێت.

٤. بەراوردکاری لە ڕێگای کارەکانیەوە مەسەلەی کارتێکردن و کارتێکراومان بۆ دەستنیشان دەکات، بەڵام لە دەقئاوێزان باس لەو مەسەلەیە ناکرێت لەجیاتی ئەمە باس لە پەیوەندییەکانی دەقی یەکەم و دووەم دەکرێت.

٥. لە ئەدەبی بەراوردکاری پێویستە سنووری بەراوردەکان دیاری بکرێت، بەڵام لە دەقئاوێزاندا ڕێدەکەوێت لە یەک کاتدا چەند دەقێکی جیاواز بێنە نێو دەقەکەی ئێستاوە.

٦. بەراوردکاری بەکاری گۆڕینی ئاستەکان هەڵدەستێت وەک گۆڕینی ئاستی توانایی تاکەکان بۆ ئاراستەیەکی گشتگیر، هەروەک چۆن «نالی» ئەنجامی دا لە تاکێکەوە گۆڕا بۆ قوتابخانەیەک. بەڵام لە دەقئاوێزاندا تاکەکان یان دەقەکان بەکاری پتەوکردن یان بە ڕۆشنبیرکردنی دەقەکان هەڵدەستن.

٧. بەراوردکاری بەکاری بەراوردکردنی دوو جێنەر یان ڕێبازێک هەڵدەستێت کە لە چەند ئەدەبێکدا بەکارهاتووە، بەڵام دەقئاوێزان مانای مەبەستێتی چەند دەقێک لە دەقێکدا کۆدەکاتەوە وەک ئەوەی هیچ دەقێک بەبێ دەقێکی تر لە دایک نابێت.

٨. کاری کارتێکردن و کارتێکراو لە ئەدەبی بەراوردکاریدا کارێکی زۆر قووڵی جدییە، بەڵام لە دەقئاوێزاندا هەندێک جار ئەم کاریگەرییە دەبێتە ڕواڵەت و ڕێکەوتنێکی فکری ئادیایی و ڕێبازی لە پشتەوە نییە (کەریم،٢٠١٦، https،www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=22841&type=farhang//:).

بەکورتی مێژووی بەراوردکاری کۆنترە، دەقئاوێزان مێژوویەکی تازەی هەیە، هەردوو بوارەکە شوێنی سەرهەڵدانیان فەرەنسا بووە، بەڵام لە کات و سەردەمی جیاوازدا بووە، بەراوردکاری زووتر پەیدا بووە و کۆنترە، هەریەکیشیان ئامانج و بنەمایی تایبەت بە خۆیان هەیە بەوەی دەقئاوێزان زیاتر لە گفتوگۆ و بەیەکداچوونی نێوان دەقەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵام هەرچی بەراوردکارییە لە بەرهەم و ئەدەبیاتی گەلانی جیاجیا دەکۆڵێتەوە، واتە سنوورێکی بەرچاو لە نێوان تیۆری دەقئاوێزان و بەراوردکاریدا هەیە.

## تەوەری چوارەم : جۆرەکانی دەقئاوێزان

### ١- دەقئاوێزانی خودی

بریتییە لەو دەقئاوێزانەی کە لە بەناویەکداچوونی دەق دروست دەبێت، واتە ((کاتێک ڕوودەدات کە نووسەرێک لە دەقی ئێستای یان پێشتری خۆی دالێک یان چەند وشە و دەستەواژە و بیرێک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێت، ئەمەش بەپێی یاساکانی دەقئاوێزان ڕوودەدات وەک جوینەوە، مژین، دیالۆگ))

(مەحمود،٢٠١٣، ١٠٠-١٠١) واتە دەقئاوێزانی خودی لە بەیەکداچوونی دەقەوە دروست دەبێت و بەوەی دەقێک دەقێکی تر ڕادەکێشێت و بە هەڵمژین گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات. واتە ئەو هاوبەشیانەی، کە لە بونیادی چەند دەقێکی نووسەردا لە دەستەواژە و بیرۆکەی دەقەکاندا بەرجەستە دەکرێ ئەوا دەبێتە دەقئاوێزانی خودی، ئەمەش بەپێی یاسا و ڕێسای هەڵمژین و دیالۆگ لە هزر و بنیادی دەقدا وەردەگیرێ و دەقێکی تازەی لێ بەرهەم دێت، بەو واتایەی شاعیر دووبارە بەرهەمەکەی خۆی دادەڕێژێت، بە فۆرم و هزر و دەلالەتێکی جیاواز و شێوازێکی نوێ کە لە ناخی نووسەر سەر هەڵدەدات. نووسەر خودی خۆی دەخاتە ناو دەقە ئەدەبییەکەوە بەم جۆرە خودی شاعیر یان نووسەر دەگرێتەوە، بۆیە پێیدەوترێ دەقئاوێزانی خودی.

**٢- دەقئاوێزانی ناوەکی**

ئەو جۆرە دەقئاوێزانە (پەیوەندیی نووسەرە بە دەقەکانی سەردەمی خۆی، لەبەرئەوەی دەق لە چوارچێوەی سیستمێکی ڕۆشنبیری پێکهاتووە لە ئەدەب و هونەر و ئایدۆلۆجیا و مێژوو....هتد بەرهەم دەهێنرێت، دەقیش بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیریی نووسەر بە دیالۆگکردن پەیوەندی دەبەستێ لەگەڵ دەقەکانی تردا) (ئەڵوەنی،٢٠١٢، ١١٢). واتە ئەو دەقئاوێزانەیە کە لە نێوان دوو دەقدا ڕوودەدات، کە هاوسەردەمن، واتە لە نێوان نەوەیەکی هاوچەرخدا، ئەمەش بەهۆی نزیکی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایدۆلۆژی و هزر و بیرکردنەوەی دوو شاعیر، پێشینەشیان لێک نزیکە لەبەرئەوەی لەکاتێکی دیاریکراوی یەک سەردەمدا ژیاون واتە هاوسەردەمن. دەقی نووسەری یەکەم پەیوەندی بەدەقەکەی تری سەردەمی خۆی دەکات، بە هۆی نزیکییان لەیەکترییەوە لە زمان و هزر و ئایدۆلۆجی بە دیالۆگ و هەڵمژین پرۆسەی دەقئاوێزانی ناوەکی ئەنجام دەدات. واتە لەم جۆرەدا نووسەر دەقئاوێزان لەگەڵ بەرهەمێکی سەردەمی خۆیدا دەکات وەک ئەوەی وشەیەک یا بیرۆکەیەک یا کارەکتەرێک یاخود بابەتێک لە دەقەکەی ترەوە بهێنێت و لە ناو دەقێکی تازە بە بیر و واتا و دەلالەت و شێوازێکی جیاواز دایبمەزرێنێت.

### ٣- دەقئاوێزانی دەرەکی

ئەم جۆرەیان بریتییە لە پەیوەندیی نووسەر بە دەقەکانی سەردەمی خۆی، یا دەقی پێش سەردەمی خۆی، کە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، لە ڕووی ئینتیما و هزر و شێوەوە لەیەکتری جیاوازن، بەڵام بەهۆی پەیوەندیکردنی دەقەکە بەوانەوە پرۆسەی دەقئاوێزانی دەرەکی ڕوودەدات و پەیوەندیی نێوان دەقی ئێستا و پێشتر ڕێکدەخات، واتە (( لە نێوان چەند گوتارێکی سەر بە چەند کێڵگەیەکی گوتاری جیاواز دادەمەزرێت. وەک لە نێوان گوتارێکی لاهووتی و گوتارێکی زانستیدا)). (ئەڵوەنی،٢٠١٢، ٥١). واتە دەقئاوێزانی دەرەکی گفتوگۆیەکە لە نێوان دەقێک و دەقەکانی تردا، کە خاوەن سەرچاوەی ئەرکی جیاوازن، بەشێوەیەکی گشتی لە دەقئاوێزانی دەرەکیدا نووسەر زۆرجار بۆ ئەفسانە و فۆلکلۆر و بابەتە مێژووییەکان و ئایین و دەقی ئەدەبی و بیرو بۆچوونەکان دەگەڕێتەوە (مەحمود،٢٠١٣، ٩٥)، کە بۆتە سەرچاوە بۆی، واتە لەوانەوە بیرۆکەکەی بۆ هاتووە و سەرچاوەی گرتووە، دەقە نوێیەکەی بە فۆرم و دەلالەتێکی تازەوە بەرهەم هێناوە. واتە بیرۆکەی دەقەکە لە دەرەوەی دەقی نووسەرەکەوە هاتووە، هەرچەندە ئەو بابەت و بیرۆکەیەی هاتووشە لەگەڵ بیر و ئینتیما و ئایدۆلۆژیەتی نووسەرەکە خۆی جیاوازیشە، بەڵام پەیوەندی پێوە کردووە و بە گفتوگۆ و هەڵمژین لێی دەقێکی تازە بە بیر و واتا و دەلالەت و شێوازێکی نوێ بەرهەم هێناوە، واتە لە بنەڕەتا دەقەکان خاوەن واتای جیاواز و سەرچاوەی ئەرکی جیاوازن، چونکە نووسەر ئەو بابەتەی وەریدەگرێت وەکو خۆی بەهەمان واتا و دەلالەت دایناڕێژێتەوە، بەڵکو بە واتا و دەلالەتی تر و ئەرکی جیاوازەوە لە دەقەکەیدا دایدەڕێژێت، بەمەش دەڵێین دەقئاوێزانی دەرەکی.

## بەشی دووەم
## دەقئاوێزانی کلتووری لای شاعیرانی هاوچەرخ بە نموونەی
## « عەبدوڵڵا پەشێو،شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت»

دیارە شاعیرانی هاوچەرخی کورد ( عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت) خاوەنی ئەزموونی خۆیانن و ناوبانگێکیان هەیە، کاریگەربوون بە ئەدەبیات و فۆلکلۆر و کلتووری کوردی پێش خۆیان و سەردەمی خۆیان، کە بۆتە سەرچاوەی ئەدەبی پێشین بۆیان، هەموو ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردییە نووسراوانەی پێشینان، وەک کەرەستەیەکی بە نرخ لە بەردەستیاندا دابووە و بیر و بەهرەیان لێ هەڵمژیوە و بە فۆرم واتا و دەلالەتی جیاواز لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و دایانڕشتووە. واتە هەریەک لەوان جگە لە ئەدەبیاتی گەلانی دەوروبەر و جیهان، لە نێو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیاندا قاڵبوونەتەوە و کاریگەریی ئەدەبی فۆلکلۆر و کلتووری کوردییان بەسەرەوەیە و وێنەی کلتوور و فۆلکلۆریان بە دەستکارییەوە وەرگرتووە و ڕەهەندی تریان پێ بەخشیوە، واتە لە ئامێزی وێنەیەکدا وێنەیەکی تری هێناوەتە بەرهەم، بە بیری نوێ و سەردەمییانە سوودیان لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە، لێرەدا چەند نموونەیەکی شیعری دەهێنینەوە، کە بە بابەتە کلتووری و فۆلکلۆرییەکانی وەک ئەفسانە و داستان و پەندی پێشینان و حیکایەت و گۆرانی کاریگەر بوون و ئاوێزانی دەقەکانیان کردووە.

### تەوەری یەکەم : کلتوور

کلتوور یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکان و سەرچاوەیەکی فراوانی واڵایە لە بەردەم شاعیراندا، نەتەوەی کوردیش لەم ڕووەوە خاوەن سامانێکی کەلەپووری فراوانە و گەڕانەوەشە بۆ مێژوو (( ئەوانەی کە شۆڕش لەسەر کەلەپوور بە ئەنجام دەگەیەنن، درك بەو ڕاستییە دەکەن، کە بوونی ڕابردوو چ ئاسۆیەکی لە شارستانییەتی نوێدا هەیە، هەرچەندە ئەو ڕەمزانەش، کە ڕیشەیەکی مێژووییان بەخۆوە گرتووە، لە ڕێگای ئەو مێژووەش بەتاقیکردنەوەی شێوازی بنچینەیی پەیوەندیدارن)) (مەعروف،٢٠٠٨، ١٠٩ ) جا شاعیرانی هاوچەرخیش لە پێناو دانانی بنەمایەکی پتەو

بۆ ئەزموونێکی سەرکەوتوو پێویستە پشت بەسامانی نەتەوە و کەلەپووری نەتەوەکەی ببەستێ، هەر وەکو ئەدۆنیس دەڵێ، (( ئەوەی ڕابردوو نەناسی ئایندەش ناناسێ و ئێستاش ناناسێ ئەمەش مانای ئەوەیە ئەفراندنی شیعری بە داهێنانی مێژووییەوە نەبێت تەواو نابێت )) (غەمبار،١٩٩٦، ١٣)، بەکارهێنانی کەلەپووری نەتەوەیی هۆیەکیشە بۆ زیندووکردنەوە و گرینگی پێدان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ئێستادا، بۆیە شاعیرانی هاوچەرخ گەڕاونەتەوە بۆ ڕابردووی کەلەپووری نەتەوەکەیان و بۆتە سەرچاوە بۆیان، بەپێی پێویستی سروشتی مەبەستی شیعرەکە و زەمینە ڕۆشنبیرییە کەلەپوورییەکەیان ئاوێتەی بەرهەمەکانیان دەکەن و هۆشمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، نەك بەشێوە تەقلیدی و ئاساییەکەی، بەڵکو بەپێی تێڕوانینی ئایدۆلۆژی خۆی لەوان تێپەڕ دەکات و ڕەمزەکە دەخاتە ژێر توێکاری لێکدانەوەیەکی نوێ.

بۆنموونە یەکێ لەو دیاردە کلتووریانەی کە لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە (**گوڵاڵە**)یە، یەکێکە لەو دەلالەتە پڕ بایەخانەی کە ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لە نێو شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەیە، (گوڵاڵە) ڕەمزی ئازادی و ئەوین و بەرەنگارییە.

**لەتیف هەڵمەت** لە بنیادێکی درامیدا (**گوڵاڵە**)ی ئاوێزان کردووە و وێنەیەکی تازەی خوڵقاندووە، کە تێیدا (پاشا) ڕەمزی دەسەڵات و هێز و چەوسانەوەیە، (منداڵ)یشی وەکو ڕەمزی پاکی و بەرائەت و هەڵگری ڕاستییەکان خستۆتە ڕوو، جادووبازیش وەک پێشبینیکەر خراوەتە ڕوو :

**پاشایەک نوست منالێکی برسی لەسەر**
**یاقووتی تاجەکەی نووسی ڕۆژێ دێ هەر**
**پاشا دەمرێ................**
**خەڵکی دەڵێن جادووبازێک وتی ئەگەر**
**تکێ خوێنی ئەم منداڵە**
**بڕژێتە سەرچاکی زەوی**
**سەرانسەری زەوی دەبێ بەگوڵاڵە. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٣-٢٤)**

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندیکردنیدا بەو دیاردە کلتوورییە لە گفتوگۆکردنیدا (گوڵاڵە)ی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە، کە ڕەمزی ئازادی و ئەوین و بەرەنگارییە، شاعیر ئاراستەکەی گۆڕیوە لە ناخۆشییەوە بۆ خۆشی، بەهۆی کۆتاییهێنان بەو چەوساندنەوەیەی کۆمەڵگای کوردی، لە ڕێگەی گوڵاڵەوە سەرانسەری زەوی دەکاتە گوڵاڵە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان و گەیشتن بە ئازادی، شاعیر بە پێشبینیی جادووبازێک لە ڕێگەی منداڵێکەوە گوڵاڵەی ئازادی و ئەوین و بەرەنگاری چەوساندنەوە لەسەر زەوی دەستەبەر دەکات، شاعیر وێنەیەکی تازەی بەهۆیەوە خولقاندووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە گۆڕینی سیما و ئاڕاستەکردن و مەبەستە فۆلکلۆرییەکان، بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیریی شاعیر و بیرکردنەوە و تێڕوانین و لێکدانەوەی بۆ دیاردە و بابەت و لایەنەکانی نێو کۆمەڵگا و بارودۆخە سیاسییەکەی بە تایبەتیش ئاراستەکردنی لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی، لێرەدا شاعیر داهێنانی تێدا ئەنجام داوە.

(شێرکۆ بێکەس)یش لە ئاوێزانکردنی گوڵاڵەدا دەڵێت:

**سەرەتای وەرز**
**برینێکیان وەکو کڵاو**
**کردە سەری**
**دڕکە زییەک**
**کۆتایی وەرز**
**بینییان ئەوەی چقڵ و داڵە**
**لە بژوێنی**
**بەر هەتاوی پاشەڕۆژدا**
**هەموو بوونەتە**
**گوڵاڵە..........(شێرکۆ بێکەس، کازیوە،٢٧)**

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندیکردنیدا بەو دیاردە کلتوورییە (گوڵاڵە)ی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و گەشبینە، لە ناو ئەو برین و ناخۆشییانەی گەلەکەی تێکەوتووە، گەشبینە لە بژوێنی بەر هەتاوی ڕۆژدا بەرەنگاری دوژمنان دەبێتەوە دەبن بە گوڵاڵە.

یەکێکی تر لەو دیاردە کلتوورییانەی کە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە (مەلای خەتێ)یە، کە ڕەمزی ناپاکییە (وەکو دەگێڕدرێتەوە گوایە بە هۆی فەتوای مەلای خەتێ، (پاشای کۆرە) شەڕی لەگەڵ سوپای عوسمانی وەستاند و خۆی بەدەستەوە دا، میرنشینی سۆرانی لەناوبرد) لەوەوە بۆتە پەند و دیاردەیەکی کلتووری لە بیری شاعیراندا بەم شێوەیە چەسپاوە، ئەوەتا پەشێو لە شیعری (بادێ)دا، (مەلای خەتێ)ی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و دەڵێت:

**با دێ، با دێ!**
**ئەمیش ئاستانەی خەلیفە هەڵێکردووە و**
**بەناو گەڵی**
**فتوای (مەلای خەتێ)دا دێ**
**با دێ، با دێ!**
**گوێتان هەڵخەن،**
**چۆن داربەڕوو دەنرکێنێ!**
**سەرنج بدەن**
**چۆن کەپکە شاخ بەلا دادێ! (پەشێو،٢٠٠٨، ٤٠٨-٤٠٩)**

لێرەدا شاعیر لە ئاوێزانکردنی (مەلای خەتێ) دا ڕەمزی تری بۆ هێناوەتەوە، (با) کە مەبەستی دوژمنانی کوردە و هاتنیشی لە ئاکامی ناپاکەکانی ناو کورد خۆی دێت، کە لە کەسایەتی (مەلای خەتێ) بەرجەستەکراوە، هەر لەبەر ئەمەشە بەڕوو و شاخی هێناوە، کە مرۆڤ ئاسا هەست بە دوژمنایەتی و ناپاکییەکان دەکەن، نرکاندنی داربەڕووش کە بەڕوو ڕەمزی کوردستانە، لەگەڵ ئەو پەندە یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ (دار کرمی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ) کرمیش ڕەمزی داگیرکردن و ناپاکییە، خەلیفەش خۆی ڕەمزێکی ئایینییە شاعیر بۆ مەبەستێکی تر هێناویەتی ڕەمزە بۆ دەسەڵاتی عوسمانی.

شێرکۆ بێکەسیش لە شیعری (دڵداری ناو شارێکی مردوو) بە دەنگی کۆی نەتەوەکەی دەڵێت:

**خنکام لە دووکەڵی فەتوای ناو مێژەری**

**توونی بابان..... پیلانەکەی**
**(مەلای خەتێ) دا بوو خنکام**
**سووتام لە گێژاوی گڕی دەمی ئەژدەهای حەوت سەری**
**(مەلای خەتێ)دا بوو سووتام....(بێکەس،٢٠٠٢، ٤٢٢)**

لێرەدا شاعیر لە ئاوێزانکردنی مەلای خەتێدا وێنەیەکی تازەی خوڵقاندووە بە کەشێکی ئەفسانە ئامێز، بەوەی گڕی وشەکانی فەتواکەی (مەلای خەتێ) بە گڕی ئەژدەهای حەوت سەر چواندووە، شاعیر لە ڕێگەی تاکەوە قسە دەکا بەڵام ئەو تاکییە لە بنەڕەتا حاڵەتی سەرجەم میللەتی کورد دەردەبڕێ، شاعیر تەکنیکێکی هونەری جوانی بەکار هێناوە کە شێوەیەکی بازنەییە، کە سەرەتای دێڕەکە بە خنکام و کۆتاییەکەشی بە سووتام بەکارهێناوە، کە دەلالەتی لەناوچوون و نەمان هەڵدەگرێت، کاریگەری لەسەر دەروونی گەلی کورد دروستکردووە.

یەکێکی تر لە دیاردە کلتوورییەکان، کە بۆتە سەرچاوە بۆ شاعیران ئەویش (خەنجەرە) لە کلتووری کوردەواریدا وەکو چەکێک ڕەمزە بۆ دەسەڵات و توانا، لەلایەکی ترەوە ڕەمزە بۆ ڕەسەنایەتی.

(شێرکۆ بێکەس) لە شیعری (دڵداری ناو شارێکی مردوو)دا ئەو دیاردەیەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و دەڵێت:

**دڵدارێکم...**
**دڵم گۆپکەی مشتۆی سەر ئەو،**
**خەنجەرەیە.....**
**سوارەکەی بەردەقارەمان**
**دایە دەس سوارەکەی بارزان... (بێکەس،٢٠٠٢، ٤٢٧)**

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو سەرسامی و ئومێدی خۆی بە بەردەوامیی شۆڕش بۆ پاراستنی ڕێڕەوی شێخ مەحموودی نەمر گواستنەوەی بۆ بارزانی نەمر پیشانداوە، لە ڕێگەی خەنجەرەکەی، بەمەش هێڵێک بە سنووری وەستان دێنێت.

پەشێویش لە شیعری (خەنجەر) ئەو دیاردەیەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانە دزراوەکەی (خەنجەر)ی کردۆتە چەکێک، کە بەخوێنی

دوژمنان تینووە، بۆیە ئەمە شاعیریان هەڵکێشاوە و بە خەنجەرەکەی بەڕووی دوژمنان بجەنگێت:

**من خەنجەرێکی ڕووتم،**
**نیشتمانی من و زام –کالانێکی دزراوە**
**کەس نەڵێ بەخوێن تینووم !**
**یەخەی کالان دز بگرن،**
**ئەو منی هەڵکێشاوە! (پەشێو،٢٠٠٨، ١٦٩)**

دیاردەیەکی تری کلتووری لە نێو نەتەوەی کورددا بوونی هەیە مەسەلەی جادووگەری و سیحر و فاڵچییە، کە لە ئەدەبیاتی جیهانیش بوونی هەیە و ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دیاردەیەش لە شیعری هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە و شاعیران ئاوێزانی دەقەکەیانی کردووە و بیر و بابەتێکی تازەیان پێ داڕشتووە.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری ( تێبینی سێیەم) ئەم دیاردەیەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و ڕێڕەوێکی سیاسی پێ گرتووە، کە پەیوەستە بە بارودۆخی وڵاتەکەی و دەڵێ:

**من فاڵچی نیم، بەڵام ئەڵێم من ئەزانم**
**چۆن ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار**
**من فاڵچی نیم، بەڵام ئەڵێم من ئەزانم**
**کەی کەی مەهدی ئەگاتە شار**
**من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم من ئەزانم**
**کەی کەی ئەڕوێ یەکەم بەهار (هەڵمەت،٢٠١٤، ١٠٨)**

ڕووبار وشک ناکات ڕەمزە بۆ شۆڕشی کورد، مەهدیی چاوەڕوانکراویش ئەو سەرکردە ڕزگارکەرەیە کە بە هانای ئەم نەتەوەیە دێت و بەهاریش ڕەمزی سەرکەوتن و بەدیهێنانی پێشبینی شاعیرە.

پەشێویش لە شیعری (پێشبینی)دا (پەشێو،٢٠٠٨، ٨٨) ئاوێزانی ئەم دیاردەیەی کردووە .

پەشێو لە شیعری (زارۆ)دا دیاردەی کلتووری نوشتە و سیحری دەقئاوێزانی دەقەکەی کردووە و بیرێکی بەرزی پێ داڕشتووە دەڵێت:

**نیشتمانم –نوشتەیەکە**
**عومری هەزاران ساڵ دەبێ**
**کە (نوح) بۆی کردم پێی گوتم**
**وریابە کەس نەیکاتەوە**
**کرایەوە بەتاڵ دەبێ. (پەشێو،٢٠٠٨،١٤١)**

خۆی نوشتە نووسینێکی نهێنی و ناڕوونە، ئەوەی پەشێو هێناویەتی ئاسایی نییە، بەڵکو تەمەنێکی زۆری هەیە و وەکو خۆشی ماوەتەوە، مانەوەی بەو شێوەیە بێ دەستلێدان، واتە بێ دەنگی و بێ ئەنجامی لە ئاست دۆزێکی گەورەی کورد، ئینجا هەڵبژاردنی (نوح) بە دروستکەری نوشتەکە بۆ ئەوەیە بیکاتە شایەتحاڵێکی زیندووبوونی نەتەوەکەی و مێژووە دێرینەکەی، نەکردنەوەی واتە هەر دەستلێدانێکی دەبێتە مایەی گوناهێکی گەورە، ئەمەش ڕەمزە بۆ تێنەگەیشتنی ڕاستییەکان، نیشتمانی شاعیر پلەیەکی زۆری پێ بەخشراوە لە دیوە سیاسییەکەوە، بەمەبەستی وروژاندن پەیوەستی کردووە بە مەسەلەیەکی حەساسی ئایینی، بەمەش گواستنەوەیەکی سەرکەوتووی ئەنجامداوە، توانیویەتی ئامانجەکەی بپێکێ.

دیاردەیەکی تر لە داب و نەریتی کۆندا هەبووە ئەویش ئەوەیە کاتێک دووکەس یا دوو عەشیرەت بەشەڕ هاتوون هەمیشە لەدوای ئەتککردنی یەکتری بوون لەوانەش بڕینی کلکی گوێ درێژ و......

شێرکۆش لە ئاوێزانکردنی ئەو بابەتە وەسفی پێشمەرگەیەک دەکات، کە ئەتکیان بە چەند جاشێک کردووەو کلکیان بڕیون، جاشیش بە واتای کەسی خۆفرۆش دژ بە میللەتەکەی. وەک دەڵێت:

**پێشمەرگەکان وەک ڕەوەیەک**
**بەوری چاو تیژ**
**شارەزای کۆڵان و گەڕەک**

**بست بە بستی**
**دابەش بوون و ئەوسا هەر بۆ**
**پەنگ و عیبرەت**
**کلکی چەند جاشکێکیان بڕی (بێکەس،۲۰۰۲، ۱۲۳)**

**تەوەری دووەم : ئەفسانە**

ئەفسانە یەکێکە لە بەشە گرینگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر، بەرهەمی کۆن و زادەی بیری مرۆڤە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە ناواقیعین، بەرهەمێکی خەیاڵ ئامێزە. ((ئەفسانە بە نسبەت مرۆڤی دێرینەوە باشترین وەسیلە بووە بۆ تێڕامان بە مەبەستی تێگەشتین لە سروشت و دیاردە نهێنییەکان، وەڵامێک بوو بۆ ئەو پرسە پڕ لە سەرسامییە زۆرانەی لای مرۆڤ لەو کاتانەدا دروست بوون، واتە ئەفسانە پەیوەستە بە بیری سەرەتایی مرۆڤ و یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی)) (ئەحمەد،۲۰۱۲، ۲۱۲) ئەفسانەکان هەرلە زووەوە کەوتوونەتە سەر زار پێش ئەوەی مرۆڤیش فێری نووسین بێت. ئەفسانەکان بەوە ناسراون، کە کارەکتەرەکانی لە مرۆڤ دوورن، بۆ نموونە خواوەندەکان... شاعیرانی هاوچەرخیش گرینگییەکی زۆریان بە ئەفسانە داوە، وەکو ڕەمزێک بۆ گوزارشتکردن لە مەبەست و ئارەزووە کپبووەکانیان کە لە ناخیان پەنگی خواردۆتەوە و دیوە شاراوەکەی خۆیانیان تێدا کۆدەکەنەوە، لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی نوێ و کرۆکێکی نوێ بە ئەفسانەکان دەدەن و بە زیندوویی دەیهێڵنەوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقەکە بەکەرەستەی ئەفسانە و خستنەڕووی هێزی ڕابردوو لە ئێستادا بە شێوازێکی نوێ وێنەیەکی تازەیان لێ داڕشتووە.

یەکێ لەو بابەتە ئەفسانە خۆماڵییانەی کە لە شیعری هاوچەرخدا ڕەنگی داوەتەوە ئەفسانەی **(ئەژدیهاک و کاوە)**یە. پەشێو لە شیعری (کەژاوەی گریان)، (کاوە)ی هێناوە وەک ڕەمزێک بۆبەرگری لە نەتەوەکەی بۆ لە ناوبردنی ئەفسانەی زوحاک و لەناوبردنی شەڕ و خراپەکارییەکان و دواتریش ناوی مەزدەی خوداوەندی خێر و چاکە ڕووناکی دێنێ و سەرتاپای دەقەکە دەکاتە کەشێکی ئەفسانەیی بەئاوێزانکردنی ئەفسانەی زوحاک و مەزدە دەڵێت :

**لە تنۆکی فرمێسکتا**
**دەماری بازووی کاوەم دی**
**لاشەی کەوتووی زوحاکم دی**
**ئاڵای بەرزی شەکاوەم دی**
**ئاسۆیەکی ڕووناکم دی (پەشێو،٢٠٠٨، ١٤٦ )**

پەشێو سەرکەوتووانە وێنەی ململانێی هێزی خێر، کە لە کاوەدا بووە و هێزی شەڕ و زۆرداریش کە لە زوحاکدا بووە، دەکێشێ و مژدەی باوەشکردنەوەی (زەردەشت)ی پەیامبەری خێر و ڕووناکی بۆ هەژار و چەوساوەکان و ڕاستبوونەوەی بەهەشتێکی بەرین لەسەر کەلاوەی وڵاتەکەیدا بە گەلەکەی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ:

**لە تنۆکی فرمێسکتا**
**زەردەشتم دی**
**باوەشی خۆی ئەگرتەوە**
**بۆ هەژارو چەوساوەکان**
**بەهەشتم دی**
**ڕاست ئەبووەوە**
**لەسەر لاشەی**
**چوار دیوارە ڕماوەکان (پەشێو،٢٠٠٨، ١٤٦ )**

(شێرکۆ بێکەس)یش لە داستانە شیعری (سەر شانۆ لە نۆ تابلۆ)دا ڕووداوی ئەفسانەی کاوە و ئەژدەهاک و بەسەرهاتەکان دەخاتەڕوو، بیری سەرەکی دەقەکەی پێ دەربڕیوە، بە گفتوگۆ و هەڵمژین لەم ئەفسانە خۆماڵییە وێنەیەکی تازە بە دەلالەتێکی نوێی بەرهەم هێناوە، شاعیر لە ناو تاریکیشدا گەشبینە، چونکە لەبەرامبەر بەو تاوانانەی ئەژدەهاک دەیکات، تۆڵە دەکاتەوە و دەڵێت:

**ئێستا بیرت ئەخەمەوە**
**من دراوسێیەکی خۆتانم**
**کوڕە گەورەی ئانانم**
**مێشکم دەرخواردی مارەکەی**

**نەوسنی ئەژدەهاک درا.....**

**.........**

**حەوت کارەساتی جەرگ بڕ**

**ئەمە حەوت کوڕ**

**ئارام ئیتر**

**چۆن ئەتوانێ.. لەمە زیاتر**

**خۆی ڕابگرێ**

**تۆڵەدان بەخۆی دابگرێ (بێکەس،٢٠٠٢:١١٧)**

(لەتیف هەڵمەت)یش لە شیعری (ئەمە دوا هەڵبەستم نییە) دا باس لە ئەفسانەی (ئەژدیهاک و کاوە )دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە بیری سەرکەوتن بە هەمان شێوەی چەکوشەکەی دەستی کاوەیە، واتا بۆ سەربەستی و سەرکەوتن دەبێت هەموومان چەکوشێکی لە چەشنی کاوەمان هەبێت.

**بیرەوەری سەرکەوتن**

**چەکوشەکەی کاوەیە**

**مەقەستی کۆتی گەردن**

**دوو پارچە هۆندراوەیە (هەڵمەت،٢٠١٤، ٦٢)**

(دێو و درنج) ئەمانەش جۆرە دەعبایەکی ئەفسانەیین و لە ئەفسانەی کوردیدا بوونی هەیە و زۆرجار پێکەوە ناویان دێت. شاعیرانی هاوچەرخیش ئاوێزانی دەقەکانیان کردووە و بیرو وێنەی تازەیان پێداڕشتووە.

شێرکۆ بێکەس لە چەند شیعرێکیدا باس لە بوونەوەرە ئەفسانەییەکانی (دێو- عەزیا -ئەژدیها ) دەکات و ئاوێزانی شیعرەکەی دەکات و دەڵێ :

**بە ڕێگەی هات و نەهات و**

**بە بەردەمی دێوی سپی و دێوی ڕەش و بەکەناری ئاوی زەرد و**

**ئاوی سوور و ئاوی ڕەشدا، قۆناغ قۆناغ ڕێی سەفەری**

**(بێکەس،٢٠٠٥، ٨٨)**

*****

**نێڵە نێڵی بڵێسەکەی جەهەنەمیان پێ نیشان دای**
**ئەژدیها و عەزیا و درنجیان هێنایە ژێر لێفەتەوە و**
**لە سەد لاوە قفڵیان لێ دای (بێکەس،۲۰۰۱، ۲۸)**

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندیکردنی بەو بوونەوەرە ئەفسانەییانە کۆمەڵێ ڕەمزی تری هێناوە بەمەبەستی خستنەڕووی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی گەلەکەی تێکەوتووە لەلایەن دێو و درنجەکانەوە، کە مەبەستی دوژمنان و داگیرکەرانی گەلەکەیەتی، شاعیر توانیویەتی وێنەیەکی تازە بە بیر و واتا و شێوازێکی نوێ بەرهەم بێنێت و لەگەڵ بیری سەرەکی دەقەکەی گونجاندوویەتی.

لەتیف (هەڵمەت)یش باس لە ئەفسانەی دێو و درنج دەکات و دەڵێت :

**کە منداڵ بووم هەر نیوەشەوێک**
**لە دەرگاکەمانیان بدابووایە..دەم وت :**
**ـ دایە گیان مەیکەرەوە..دێو درنج هاتوون من بدزن..**
**(هەڵمەت،۲۰۱٤، ۲۸۲)**

لێرەدا شاعیر بە سوود وەرگرتن لە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی کە ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و بیری سەرەکی دەقەکەی پێ دەربڕیوە، بە گفتوگۆ و هەڵمژین لێی وێنەیەکی تازە بە دەلالەتێکی نوێی بەرهەم هێناوە، شاعیر لە ناو تاریکیشدا گەشبینە، چونکە ڕێگە بە دوژمنان نادات نیشتمانەکەی بدزن.

پەشێو لە شیعری (باسم بکەن)دا دەڵێ :

**شالاو بێنن،**
**سەری خۆتان بدەن لە کێو**
**بگرن وەکو کورتە بالا داوێنی دێو.... (پەشێو،۲۰۰۸،۱۰۰)**

لێرەدا شاعیر بە ئاوێزانکردنی ئەفسانەی دێو، کە لەگەڵ بیری سەرەکی دەقەکە دەگونجێ، بە گیانێکی یاخیبووانەوە بەڕووی دوژمنان و خاکفرۆشان دەوەستێتەوە و، دەڵێ گەر شالاویش بێنن و سەریشتان بدەن لە کێو وەکو کورتە بالا کە دەیدا لە داوێنی دێو، بێباکە، چونکە خۆی وەکو ئەو دێو و کێوە ئازایە هالاوی ئازایی

بەسەریاندا دەکاتەوە. شاعیر پەیوەندییەکی نوێ و وێنە و ئەفسانەیەکی تازەی خوڵقاندووە.

«**قەقنەس**» باڵندەیەکی ئەفسانەییە، ئەو باڵندەیە باڵەکانی لێک دەدات هەتا دەسووتێت و دەبێت بە (خۆڵەمێش) ئینجا لەم (خۆڵەمێش)ە قەقنەسێکی تر دروست دەبێت. گوایە فرمێسکی قەقنەس برینەکان سارێژ دەکات لە هەمان کاتیشدا دەنگێکی خۆشی هەیە.

(شێرکۆ بێکەس)یش ئەو باڵندە ئەفسانەییەی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و پەیوەندی پێوە کردووە و بە گفتوگۆ و هەڵمژین لێی، وێنەیەکی تازەی بە بیر و واتا و دەلالەت و شێوازێکی نوێ بەرهەم هێناوە، دەڵێت:

لەوێوە نالی دێ و شارەزوور لەگەڵ خۆی ئەهێنێ
لەوێوە قەقنەسی ئەو خەوە باڵ ئەگرێ و هەڵ ئەفڕێ و ئەسووتێ.....
(بێکەس،٢٠٠١،١٨٤)

(عەبدوڵڵا پەشێو)یش لە شیعری (هۆنراوەیەکی ناتەواو)دا باڵندەی (سیمرخی) ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە، ئەمە باڵندەیەکی ئەفسانەییە و دەتوانی مەودایەکی زۆر ببڕێت و بەرز هەڵبفڕێت دەڵێت:

**من ئەیووبم**
**بە ئاسانی پشتی ئومێدم نا چەمێ**
**وشەیەکە و عەودالیمە،**
**زوو یان درەنگ هەر دەیگەمێ-**
**لەسەر باڵی سیمرخیش بێت،**
**ئاسمان بست بست دەپشکنم**
**بە زەویشدا بچێتە خوار،**
**بن زەویگەڕ هەبێ منم. (پەشێو،٢٠٠٨،٢٧٩)**

لێرەدا پەشێو خۆڕاگریی خۆی وەک نەتەوەیەکی زیندوو بەرامبەر داگیرکەر نیشاندەدات، (حەزرەتی ئەیووبی وەک ڕەمزێکی ئایینی بۆ ئارامی و سەبرگرتن

هێناوە، لەجیاتی وشەی (منی کورد) بەکاریهێناوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، شاعیر باڵندەی (سیمرخی) ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە، ئەمە باڵندەیەکی ئەفسانەییە و دەتوانی مەودایەکی زۆر ببڕێت و بەرز هەڵبفڕێت، جا (پەشێو) دەڵێ: (لەسەر باڵی سیمرخیش بێت، ئاسمان بست بست دەپشکنم )و زوو یان درەنگ لەم ژێر دەستەییە ڕزگارمان دەبێت و دەبین بە خاوەن دەوڵەت. شاعیر لە پەیوەندیکردن و بە گفتوگۆ و هەڵمژین لە ئەفسانەی باڵندەی سیمرخ، وێنەیەکی تازەی بە بیر و واتا و شێوازێکی نوێ بەرهەم هێناوە.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (گۆرانی پاشەڕۆژ)دا دەڵێت:

**گوڵەکانیش دەبن بە سیمرخ و**
**دڵم بۆ وڵاتێ هەڵدەگرن (هەڵمەت،٢٠١٤، ٤٧٤)**

لێرەدا شاعیر لە پەیوەندیکردن و بە گفتوگۆ و هەڵمژین لە ئەفسانەی باڵندەی سیمرخ، وێنەیەکی تازە بە بیر و واتا و شێوازێکی نوێی بەرهەم هێناوە.

ئەفسانەی **(مەزدە و ئەهریمەن)**یش لە شیعری هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەتا (شێرکۆ بێکەس) لە بەشی یەکەمی شیعری (وەرزی پێنجەم)دا ئەفسانەی خوداوەندی ئەهریمەن و ئاهورای هێناوە، کە لە (ئەهریمەنی) خوداوەندی شەڕ و خراپەوە هەنگاو دەنێ بەرەو (ئاهورەمەزدا)ی خوداوەندی خێر و چاکە، بەڵام ئەهریمەن ڕایدەگرێ و دەیەوێ بە سەرکەوتنی خۆی کۆتایی پێ بێنێ :

**کاتێ ئەهریمەنی نوستوو**
**لە دەنگی وشەی دیلکراو**
**لە هاواری ڕووناکی ناو**
**خۆری زیندان... ڕائەچەنێ**
**دەست ئەداتە خەنجەری خوێن**
**هەتاوی دڵ زامدار ئەکا**
**هەنگاوی (مەزدە) ئەپێکێ (بێکەس،٢٠٠١،١٢٢)**

بەڵام شاعیر بەمە ناوەستێت و لە بەشی دواتری شیعرەکەدا، بە خولْقاندنی ئەفسانەیەکی تر، گەشبینیی خۆی دەردەبڕێت و وەرزەکانی ساڵ تێدەپەڕێنێت و بە خولْقاندنی وەرزێکی نوێ کە وەرزی پێنجەمە بۆ زەردەشتێکی دیکە دێنێتەوە و ئاهورە مەزدایەکی هەتاوی خێر و چاکە دەژێنێتەوە و ئەمەش ڕەمزی سەرلەنوێ هەڵسانەوەیە گەشبینیی شاعیر بە ئایندە دەردەخات بۆ بینینی ژیانێکی ئازادانە لە کوردستان و دەڵێت:

**لەو کاتەدا...**
**دیسانەوە جارێکی تر**
**وەرزێکی تر**
**وەرزی پێنجەم**
**بۆ زەردەشتێکی کەی دووەم**
**بۆ مرۆڤی وەک فریشتە**
**دێتەوە ناو**
**جارێکی تر مەزدەی ژیان**
**مەزدەی هەتاو**
**ئەژێتەوە..ئەژێتەوە..ئەژێتەوە !   (بێکەس،٢٠٠١، ١٢٣)**

(پەشێو)یش ئاوێزانی ئەفسانەی ئەژدیهای کردووە و لە خولْقاندنی وێنەیەکی نوێدا دەڵێت :

**ئەشکەوتەوان،**
**ئەژدیهایەکی چوار سەرە و بەرزەفت نابێ،**
**تاملێۆنان دەست نەبنە گەو بۆ زنجیرێ!   (پەشێو،٢٠٠٨، ٥٥)**

لێرەدا شاعیر لە خولْقاندنی ئەفسانەیەکی تازەدا بیر و دەلالەتێکی نوێی دەربڕیوە، شاعیر هانی نەوەکانی گەلەکەی دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان تاوەکو ئەژدیهایەکی چوارسەرە، کە مەبەستی دوژمنانی کوردە چواردەورەیان داوە، لەناوی بەرن، بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان.

**شاعیرانی هاوچەرخ** جگە لەوەی سوودیان لە ئەفسانەکانی خۆماڵی و ڕۆژهەڵات بینیوە لەهەمان کاتیشدا سوودیان لە ئەفسانەی میللەتانی جیهانیش بینیوە و لە شیعرەکانیان تەوزیفیان کردووە.

(سیزیف) یەکێکە لە ئەفسانەکانی یۆنان، کە بە ئەفسانەی ئازاری مرۆڤایەتی دادەنرێت، بۆیە (خواوەندەکان) (سیزیف) سزا دەدەن، بە هەڵگرتنی بەردێک تا لووتکەی شاخێک بیبات، بەڵام کە نزیکی لووتکەکە دەبێتەوە لە وێوە بەردەکە غلۆر دەبێتەوە تاوەکو وای لێدێت ئەم بارودۆخە دەبێت بە قەدەر و چارەنووس. (زۆربا)ش پاڵەوانی ڕۆمانی (ئالکسی زۆربا) کەسایەتییەکە ملکەچی شکستییەکان نابێت و بەبڕواوە بەرەنگاریان دەبێتەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی فراوان لای شاعیرانی هاوچەرخ بە کارهێنراوە، بۆ مەبەستی گوزارشتکردن لە ئێش و ئازاری مرۆڤ و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کۆسپێک لە ژیاندا.

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کە ئەفسانەی سیزیفی دەقئاوێزان کردووە و دەڵێت:

**سیزیف**
**تاشە بەردەکەی تووڕداوە**
**خەمێکی داوە بەکۆڵی دا**
**لەوانەیە عاشق بووبێ (هەڵمەت،٢٠١٤، ٣٥٢)**

لێرەدا لەتیف تاشە بەردەکەی فڕێداوە، مەبەست لە بەردەکەی ( سیزیف)ە، کە دەگاتە لووتکەکە هەردووکیان غلۆر دەبنەوە، بەڵام (لەتیف) بەردەکە تووڕدەدات، لەجیاتی بەردەکە خەمی لەکۆڵ ناوە، کە هێمای عاشقبوونیەتی، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەفسانەکەیە، چونکە ئەو سیزیفەی یەکەم کە لەگەڵ تاشە بەردەکە غلۆر دەبنەوە، ئەمە بۆ سزا و عەزابی تۆڵەیە لە سیزیف، مەبەستی شاعیریش دوژمنانی کوردە تووڕیان دەدات و تۆڵە دەکاتەوە، بەڵام لەو سیزیفە نوێیەی، کە شاعیر خوڵقاندوویەتی ئەو کۆڵە خەمەی داویەتی بەشانیدا چێژو خۆشی لێ دەبینێت، لە پێناو خۆشەویستیی ئەو بۆ نیشتمان، شاعیر بە بڕواوە تێدەکۆشێت و بەرەنگاری ناخۆشییەکان دەبێتەوە لە پێناو نەتەوەکەی، هەنگاو دەنێ بەرەو سەرکەوتن.

**شێرکۆ بێکەس لە شیعری (کۆچ) دا دەڵێت:**
**لە کەیەوە تۆ «سیزیف»ی ئەم جیهانەش**
**بەردەکەتە ؟!**
**لە کەیەوە تۆ (زۆربا)یت و بوومەلەرزەش**
**سەماکەتە ؟!**
**....................**
**لە وەڵامی ئەمە**
**بیرم نایە....بەڵام ئەوەندە دەزانم**
**بەیەکەوە من سیزیف و زۆربا و مەرگ و**
**ئۆقیانووسم........ (بێکەس،٢٠٠١، ٣٥)**

شاعیر دووئەفسانەی دژ بەیەکی لە یەک کاتدا ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و کۆی کردوونەتەوە و تەوزیفی کردووە، دەڵێ ئێمە سیزیف نین و زۆرباش نین کە پێچەوانەی سیزیفە، بەڵام لەبەرئەوەی شکست لای زۆربا بوونی نییە (شێرکۆ) دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو دوو جەمسەرە دژ بەیەکە هۆشیارمان کاتەوە، بە شکستبوونی سیزیف، کە مەبەستی شکستی دوژمنانی کوردە، لەلایەکی ترەوە شاعیر بە هیوا و گەشبینە، وەکو زۆربا نایەوێ دان بەشکستی دابنێ شۆڕش بەرپا دەکا بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

پەشێو لە شیعری (بۆ کچێکی کاڵ) دا دەڵێ:
**جیهانی من هەمووی خەمە**
**زەردەخەنەی ئێجگار کەمە...... (پەشێو،٢٠٠٨،١٢٤)**

پەشێو لەجیاتی بەردەکە خەمی لەکۆڵ ناوە، کە هێمای عاشقبوونیەتی، ئەمەش پێچەوانەی ئەفسانەکەیە، ئەو دەیەوێت سیزیفێکی نوێ بخوڵقێنێ، چونکە ئەو کۆڵە خەمەی کە داویەتی بەشانیدا ئەوا لە پێناو عەشقەکەیەتی چێژی لێ وەردەگرێ، ئەمەش پێچەوانەی ناخۆشییەکانی سیزیفە، چونکە لەپێناو خۆشەویستەکەی لە هەموو

ناخۆشییەکانیش چێژ وەردەگرێت، لەبەرئەوەی شاعیر بە بڕوایە و بەرەوڕووی ناخۆشییەکان دەبێتەوە، لە پێناو بەدیهێنانی هیواکانی.

دەقئاوێزانی شیعری بێکەس لەگەڵ ئەفسانەی (گلگامێش)، ئەمە ئەفسانەیەکی سۆمەرییەکانە، کە پاڵەوانەکەی (گلگامێش)ە. باس لە کێشە مرۆڤایەتییەکان دەکات و هاوڕێیەکی هەبووە بە ناوی «ئەنکیدۆ» بەدوای گیایەک دەگەڕا تاوەکو نەمری بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەمە سوودی نابێت و لە کۆتاییدا دەمرێت. لەم ئەفسانەیەدا کێشەی ژیان و مردن دەخرێتە ڕوو.. شێرکۆ بێکەسیش لە هۆنراوەی (دوو سروودی کێوی )دا ئەم ئەفسانەیەی ئاوێزانی شیعرێکی کردووە و دەڵێت:

**ئەم زریانە لە گلگامێشی کاروانیا**
**قارەی تۆفان ناونووس ئەکات**
**دەرگای داستان و ئەفسانە**
**لەسەر (ئەنکیدۆی) هاوڕێی ئەکاتەوە. (بێکەس، ٢٠٠١، ٤١١-٤١٢)**

لێرەدا شێرکۆ گلگامێشی وەکو ڕەمزێکی ئەفسانە بەکارهێناوە و تەوزیفی کردووە، ناوی ئەو تۆفانە تۆمار دەکات کە جیهانی گرتەوە، بەو هۆیەوەش دەیەوێت ناوداری بە ئەنکیدۆی هاوڕێی ببەخشێت.

**تەوەری سێیەم : داستان**

داستان یەکێکە لە بەشە نەمرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر، بریتییە لە بەرهەمێکی چیرۆک ئامێز یا سەرگوزشتەیەکی ڕووداوی ڕاستەقینە، وێنەی قارەمانی و ئازایەتی مرۆڤ پیشان دەدات، ناوەرۆکی داستانیش قارەمانی و دڵدارین، زۆرجاریش دڵدارییەکە قارەمانیەتیش بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم هونەرە چیرۆک ئامێزە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان هەنگاوی ناوە. داستان بنەما و دەستووری خۆی هەیە، ڕووداو و کەسایەتی و شوێن و.... بوونیان هەیە، تێیدا باس لە ئازایەتی و دەسەڵاتی پاڵەوانان دەکرێت، بە شێوەی شیعری درێژ هۆنراوەتەوە، بە زمانێکی سادە و ڕەوان گێڕدراونەتەوە ((ڕووداوەکان بە شێوەی پەخشانە شیعر داڕێژراون، ناوە ناوە دیالۆگی شیعری بە کێشی تایبەتی، خۆی دەکات بە نێو گێڕانەوەی داستانەکە، ئەو کێشەی کە داستانە فۆلکلۆریەکانی پێ گێڕدراوەتەوە، کێشی ڕەسەنی کوردییە بە کێشی بڕگەیی ناسراوە.)) (ئەحمەد،٢٠١٩،١٨٧) واتە بە کێشی بڕگەیی خۆماڵی و سەروای ئازاد، بەشێوەیەکی هونەریانە نووسراوە. لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر دەقئاوێزانکردنی ئەو داستانە کوردییانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا هەمانە :

ـ **داستانی قەڵای دمدم** ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینەیە، قارەمانەکانی قەڵای دمدم بە سەرکردایەتی خانی لەپ زێڕین تا دوا هەناسە جەنگین و بە کۆمەڵ مردنیان لە داگیرکاری و سەرشۆڕکردن بە باشتر زانی. بەمەش داستانی قەڵای دمدم دەبێتە ڕەمزێکی دلێری قارەمانیەتی بۆتە هەوێنی چەندین شیعر. شاعیرانی هاوچەرخ چەندین شیعریان لە خۆڕاگری و قارەمانیەتی خانی لەپ زێڕین هۆنیوەتەوە و ئاوێزانی دەقەکەیانی کردووە.

شێرکۆ بێکەس دەڵێ:

**ئەتانبینین، لە ناو ئابلۆقەی نێزەدا**
**سەرتان «دم دم »ی تازەیە**
**خانی لەپ زێڕینی وشەیش**
**قوللەی خامە ی ئەم زمانەی بەرنەداوە (بێکەس،٢٠٠١، ٢٠٥)**

لێرەدا شاعیر بە سوود وەرگرتنی لە داستانی قەڵای دمدم کە ئاوێزانی دەقەکەی کردووە، لەسەر بنەمایی لێکچوواندن دوو وێنەی بۆ دروست کردووین، لە وێنەی یەکەمدا سەری کۆمەڵە جەنگاوەرێکی بە (دم دم) چواندووە هەروەها لە وێنەیەکی تردا خانی لەپ زێڕینی بە وشە چواندووە، وشەش قوللـەی ئەو زمانە بەرنادات.

لەتیف هەڵمەت وەکو شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بڕوای بە سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە هەبووە کە کورد خەباتی بۆی کردووە، دژی دوژمنانی و داگیرکەران، لە شیعری (دووەم هاتنی لەپ زێڕین)دا ڕەمزی شا عەباسی هێناوە بۆ ئەو دوژمن و داگیرکەرانەی پەلاماری کوردیان دەدا، ئەو خەنجەرەی کە خانی لەپ زێڕینی کوشت هێشتا خوێنی لەپ زێڕینی لێ دەتکێ ئاماژەیە بۆ بەردەوامی ستەم و زوڵم لەسەر میللەتی کورد، بەڵام شاعیر گەشبینە و ورە بەرزە بۆیە وەکو شۆڕشگێڕێک لە خەبات بەردەوامە دژی دوژمنان و تێدەکۆشێ و ئەمجارەیان (لەپ زێڕینێ وەک ڕمێ بە هەزاران ڕم جەرگی شا عەباس و دوژمنان دەسمێ)، شاعیر توانیویەتی قەڵای دم دم ئاوێزانی دەقەکەی بکات و هونەریانە بە ئەمڕۆوەی ببەستێتەوە، گەشبینە بڕوای بە سەرکەوتن هەیە و دوژمنان لە خوێنی خۆیان دەگەوزێنێ.

**ئەو خەنجەرەی کە شا عەباس بە نامەردی**
**لە پشتەوە...لە ناو جەرگی**
**یەکەم خانی لەپزێڕین دا شەوێ چاندی**
**ئەمەتانێ..لە لای منە**
**هێشتا خوێنی لەپ زێڕینی لێ دەتکێ**
**لەپ زێڕینی ئەم جارە..وەک ڕمێ..**
**وەک سەد ڕم**
**هەزار ڕم**
**ناو جەرگی شا عەباس دەسمێ......... (هەڵمەت،٢٠١٤،٦٠٢-٦٠٤)**

پەشێویش لە شیعری (چما من چۆڕە خوێنە...) دا دەڵێ:

**سبەینان... بازی**
**دەسندەخۆری نەوەی حەجاجن**

**نیوەڕۆیانیش**
**چاوساغی ئۆردووی دمدم شکێنن**
**عەسران تاژیلەی چوار پەل بەخەنەی**
**عرووبەی شامن... (پەشێو، ٢٠٠٨،٤٥٠)**

لێرەدا ئەو وشە و زاراوانەی شاعیر هێناویەتی هاوکێشەیەکی سیاسی سازکردووە، بەسوود وەرگرتنی لە داستانی قەڵای دمدم، وێنەیەکی بە لێکچواندن خولْقاندووە، ڕەخنە لەو بارودۆخە سیاسییە نالەبارەی سەردەمەکەی دەگرێت، ڕەخنە ئاڕاستەی کەسانی مشەخۆر و خیانەتکار لە نێو گەلەکەی دەکات، کە چۆن وەک (کێ هەکانی ) ئەو کوردە ناپاکە بوو، یارمەتی شا عەباسی دا بۆ دەست بەسەر داگرتنی قەڵای دمدم، بەهەمان شێوە ئەوانیش بەوان دەشوبهێنێت.

- **داستانی مەم و زین،** داستانێکی کۆنی فۆلکلۆری کوردییە، لە شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە.

شێرکۆ بێکەس لەم نموونە شیعریەدا دەڵێت:

**چاویان لێیە، وا کاکە مەم**
**لە کەژاوەی**
**هەورێکی سپی نزمەوە**
**بە هێواشی**
**دێتە خوارێ و،**
**لە ناو خەرمانەی گەڵاڵەی ترۆپکێکدا**
**ڕائەوەستێ**
**چاو ئەگێڕێ**
**هاتۆتەوە و.. چاو بۆ «خاتوو زین» ئەگێڕێ (بێکەس،٢٠٠٢، ٣٠٤)**

لێرەدا پەیوەندی و لێکئاڵاندنی داستانەکە بە دەقی شیعریەکەی لەسەر بنەمای جیاوازی پێکهێناوە، شاعیر ئەوەمان نیشان دەدات کە مەم لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە لە ناو گوڵاڵە لە زین دەگەڕێت. بەمەش وێنەیەکی تازە و نایابی بۆ ئەم داستانە کێشاوە.

ـ لەتیف هەڵمەت لە شیعری (بۆ ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکشێ )دەڵێت:

**با بە سواری ئەسپی برین**
**بچین بۆ زەماوەندی مەم و زین**
**گرەی ئەو دوو دڵدارە**
**بکەین بە چرا بۆ دێو چین**
**گوڵی یەکەم پەژارە**
**بخەینە ناو گوڵدانی ژین (هەڵمەت،٢٠١٤، ٧٠)**

شاعیر لە گفتوگۆکردنی دەقەکەیدا لەگەڵ داستانی مەم و زین بە واتا و وێنەیەکی تازەوە ئاوێزانی دەقەکەی کردووە، بەشێوەیەک وێنەکەی لە سەرچاوە بنەڕەتییەکە پێچەوانە کردۆتەوە بەوەی مەم و زینی پێک گەیاندووە، گرەی دڵداریەکەشی کردۆتە ڕووناکی و چرایەک بۆ ژیان.

پەشێو لە شیعری (بۆ پارچەکەی ترم) دا (پەشێو، ٢٠٠٨، ١٨٤) سوودی لەم داستانە وەرگرتووە و وێنەیەکی تری لە بەرگێکی تازەی هەڵکێشاوە.

پەشێو لە شیعری (زامی زیندووی شیللی)دا دەقئاوێزانی داستانی مەم و زینی کردووە و دەڵێ :

**ئەشێ...ئەهریمەن...بەهەشتی**
**خوای بەرکەوێ!**
**ئەشێ ڕووبار**
**ڕوو لە هەوراز بێ و سەرکەوێ !**
**ئەشێ مەم زیندوو بێتەوە**
**لەسەر سینگی زین بسرەوێ.**
**بەڵام ناشێ، جارێکی تر،**
**منی دڵدار بگەم بەوەی خۆشم دەوێ. (پەشێو، ٢٠٠٨، ١٩٣)**

پەشێو ئەوپەڕی بێ ئومێدبوونی خۆی نیشان دەدات، کە مەحاڵە جارێکی تر وەکو جاران بە دڵدارەکەی بگات، تەنانەت دەکرێت مەمیش زیندوو ببێتەوە و بێتەوە لای زینەکەی، بەڵام مەحاڵە دڵدارەکەی ئەو بێتەوە.

- **داستانی شیرین و فەرهاد** ئەمەش داستانێکی تری نەمرو بەرزە، کەرەستەیەکی زیندووی نێو کەلەپووری کوردییە ئیحای بە زۆربەی شاعیرانی کورد بەخشیوە. لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

**من فەرهادم**
**بەڵام دڵدارەکەم شیرین نییە**
**دڵدارەکەم وڵاتەکەمە وڵاتەکەم**
**من فەرهادم.**
**بەڵام ئەمجارە بێستوون**
**هەڵناکۆڵم.**
**نەخشەی زەوی دەگۆڕم (هەڵمەت،٢٠١٤، ٤٩١)**

لێرەدا شیرین هەر خۆشەویست و دڵدارەکەی فەرهاد نییە، بەڵکو ڕەمزی نیشتیمان و کێشەکانی کوردە، شاعیر لە ئاوێزانکردنەکەدا لەسەر بونیادی لێکچوون وێنەکەی دروست نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاوازی پێکیهێناوە، لە بنەڕەتا فەرهاد بۆ دڵدارەکەی شیرین کێوی بێستوون هەڵدەکۆڵێت، بەڵام شاعیر ئەرکی فەرهادی گۆڕیوە بۆ گۆڕینی نەخشەی زەوی، واتە گۆڕینی ئامانجی فەرهاد کە بۆ شیرین بوو واتە تاکەکەسی بوو بۆ ئامانجێکی کۆمەڵی، کە گۆڕینی نەخشەی زەوییە بۆ گشتە لە پێناو خۆشەویستەکەی. لێرەدا گفتوگۆیەکی هونەری لە نێوان هەردوو دەقەکەدا ڕوویداوە.

لەتیف لە شیعری (بۆ ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکشێ) (هەڵمەت،٣٥،٢٠١٤) لە پارچەیەکیدا جەخت لە فەرهادبوونی خۆی دەکاتەوە بەڵام چۆن فەرهادێک، کە ڕێچکەی فەرهادی گۆڕیوە بۆ ڕێچکەیەکی پیرۆزتر و باڵاتر، کردوویەتی بە پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر لە پێناو گەیشتنی نەتەوەکەی بە ئازادی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەی واتە ئامانجەکەی فراوان کردووە، تا پێی بگاتە سیستەمێکی ڕێکوپێکی ژیان لەسەر بناغەی دادپەروەری و نەهێشتنی چەوسانەوە.

**شێرکۆ بێکەس** یش لە شیعری (کۆچ)دا دەڵێت:

**ئەی پەریخان**
**یەک یەخەی**
**نەخشە گەورەکانی دنیام گرت و**
**هاوارم کرد**
**پەریخانی هەموو دنیا بە فەرهادی خۆیان گەیین**
**ئەی پەریخانی من بۆچی پێی نەگەیی؟!... ( شێرکۆ بێکەس، ٥٤)**

شاعیر سوودی لەم داستانە وەرگرتووە و ئاوێزانی دەقەکەی کردووە، بەڵام لە شوێنی شیرین (پەریخان)ی داناوە، کە ڕەمزی خاکی نیشتمانە، فەرهادیش فریادڕەس و رزگارکەر و بەدیهێنەری ئاواتەکانە.

### تەوەری چوارەم: پەندی پێشینان

پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەو وتە جوانانە دەوترێت کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیان هاتوونەتە بوون لە چەند وشەیەکی کورت و سەروادااردا ((بریتییە لە کۆمەڵێک وشە و زاراوە یان ڕستەیەکی کورت و پوختن، کە بە شێوەیەکی جوان و سادە و ساکار لە ڕووی زمانەوە ڕێکخراون و دراونەتە پاڵ یەکتری، بەڵام لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە واتایەکی زۆر و بەرفراوانی هەیە)) (ئەحمەد،٢٠١٩، ٧٣) واتە بە زمانێکی سادە و جوان لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و فەلسەفیی ژیانی کۆمەڵمان بۆ دەردەخا، لە باس و ڕووداوەکان و پێشهاتەکان خۆی دەبینێتەوە، چونکە پەندی پێشینان کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی خۆشی و ناخۆشی چینەکانی گەل دەردەبڕێ. بۆیە پەند قسەی ڕۆژانەی سەر زاری خەڵک بووە، خاوەنەکەی دیار نییە و بەرهەمی گەلە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پشتاو پشت دەگوازرێتەوە، لەوانەشە گۆڕانکاری بەسەر فۆرمی پەندەکاندا بێت، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکەکەیدا نایەت. هەر بۆیە لە لای زۆرێک لە میللەتان پەندی هاوبەش هەیە. پەندی پێشینانی کوردیش لە ئەزموون و دنیا دیدەنی گەلی کوردە، ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو نەهامەتیانە و تاڵی و

شیرینی ژیانی گەلی کوردە، کە سیمای خۆماڵی و ڕەسەنایەتییان پێوە دیارە، شاعیریش دەیەوێت بیر و ئیلهامی خۆی لەم پەندە جوانانە وەربگرێت.

- شێرکۆ بێکەس سوودی لە پەندی پێشینان وەرگرتووە و ئاوێزانی شیعرەکانی کردووە.

(**سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار** ) بەو واتایەی مرۆڤ لە ژیاندا تووشی هەڵە دەبێت، بەڵام لە هەڵەکانی دەرس وەردەگرێت، ئینجا لە کارەکەی دەبێتە وەستایەکی کامڵ و کارامە، بەڵام شێرکۆ بێکەس پەندەکە هەڵدەگێڕێتەوە، چونکە مرۆڤ لە ژیاندا تووشی کارەسات و هەڵە دەبێت، بەڵام پەند و ئامۆژگاری لێ وەرناگرن و دووبارەی دەکەنەوە. شێرکۆ لەم وێنەیەدا دەڵێت:

**لەم شارەدا هەندێ قەڵەم دەفتەرەکانی خۆیان ئەتک ئەکەن**

**لەم دەشتەدا سوار ئەگلێ و نابێ بە سوار (بێکەس،٢٠٠٢، ٥٢)**

(**جام کە پڕ بوو لێ دەڕژێ** ) ئەم پەندە فۆلکلۆرییە بە واتای ئەوە دێت هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە. شێرکۆ لە وێنەیەکدا باس لەوە دەکات کە کاسەی ڕق و کینەی میللەت پڕە و سنووری تێپەڕاندووە و دەڵێت:

**کاسە پڕ بوو لێی ئەڕژێ**

**کاسەی ڕق و داخمان پڕە (بێکەس،٢٠٠٢، ٩٧)**

یەکێکی تر لەو پەندە پێشینانە (**نە بای دیوە نە باران**) واتا زۆر شت ڕوویدابێت، بەڵام کەسێک هیچ گوێی نەداتێ و بیری لێ نەکاتەوە، شاعیر باس لەوە دەکات لە هەر چوارلاوە بووک بردنە، گەرمەی شایی و هەڵپەڕکێیە وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**نە بامان دیوە...نە باران**

**لەچوارلاوە...بووک بردنە**

**گەرمە کۆڕی...شایی و لوغانە (بێکەس،٢٠٠٢، ٢٢٩)**

-**لەتیف هەڵمەت** یش پەندە فۆلکلۆریەکانی لێزانانە ئاوێزانی دەقە شیعریەکانی کردووە.

**(گۆشتی ڕانی خۆت بخۆ، لە منەتی قەساب باشترە)** ئەم پەندە بە واتای ئەوە دێت سەر شۆڕ نەکەی بۆ ناحەزانت و خۆت شەرمەزاری کەس مەکە، یان زۆر جاران بۆ منەت نەزانیت ئەو قسەیە دەکرێ.

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (شاری گوڵ)دا ئەو پەندەی بە هەمان واتا و مەبەستی خۆیی بەکارهێناوە و پێمان دەڵێ منەتی کەس هەڵنەگرین و سەر بۆ کەس شۆڕنەکەین :

**مەڕۆن مەڕۆن**
**تینووتان بوو میزی خۆتان بخۆنەوە**
**برسیتان بوو قوڕی زەوی بکەن بە نان**
**گۆشتی لەشی خۆتان بخۆن (هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٤٦)**

**(بەرد لە جێی خۆی سەنگینە )** لەتیف هەڵمەت لە دیوانی (ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ) ئاماژە بەم پەندە دەکات و ئاوێزانی دەقەکەی دەکات و جەخت لە سەر هەمان مەبەست دەکات و دەڵێت:

**بەرد لە هەر شوێن و جێگەیەکدا خۆی دۆزییەوە**
**جێی خۆی دەکاتەوە**
**توند توند پێوەی دەلکێ..! (هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٩٦)**

**(دیوار بە گوێیە )** لەتیف هەڵمەت لە شیعری (لاوەکانی منالانی ئەم سەردەمە)دا بە سوود وەرگرتن لەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دایکی منداڵەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە بێدەنگ بێ نەبادا یەکێک گوێ بیست بێ.

**ئەگەر چلێ داری سووتاو**
**زمان بگرێ و لەگەڵ خۆر و خودا بدوێ**
**هیج سەیر نییە لە بابەتی گوڵ**
**لەم خاکەدا برین بڕوێ...!**
**ڕۆڵە بنوو لەم شارەدا چی زۆرە.**
**گوێ.....! (هەڵمەت،٢٠١٤،٤٥٧)**

**پەشێو** لە شیعری (وشەی پەردە)دا بە سوود وەرگرتن لە پەندی پێشینان **(چ بچێنی ئەوە ئەدووریتەوە)** دەقێکی بە پێزی دارشتووە. لە کۆپلەی یەکەمدا باس لەوە دەکات ئاغا خەڵکی هەژار و رەش و رووت دەچەوسێنێتەوە، بەڵام (هیتلەر) و (مۆسۆلین) دەڵێن ئێمەش وامان دەوت، بەڵام دواتر پەتی زۆرداری هەر دەپچڕێت و هەمان شت بەسەر خۆماندا هاتەوە.

**ئاغا گوتی،**
**من پەیکەری خوام کتومت**
**دەبێ گشت لا،**
**بمپەرستن، هەروەکو بت!**
**ڕاستبوونەوە، (مۆسۆلینی)و (هیتلەر) لە گۆڕ**
**گوتیان ڕاستە،**
**ئێمەش دوێنێ، وامان دەگوت**
**(بچینە ئەدووریەوە)**
**لە کۆن پەندی وا هەبوو (پەشێو،٢٠٠٨،٥٢-٥٣)**

**(تفی سەر بەرەوژوور بە خۆت دەکەوێتەوە)** پەشێو لە شیعری (پەراوێزێک بۆ مێژوو)دا دەقێکی جوانی بە ئاوێزانکردنی ئەو پەندە دارشتووە، باس لەوە دەکات پێویست ناکا لۆمەی کەس بکەن ئەوەی بەسەر ئەو گەلی کورددا هاتووە هەر خۆمان نین خۆمان هۆکاری ئەوەین، بۆیە هیچ مەڵێن وەک ئەوە وایە لۆمەی خۆمان بکەین.

**با کەس چیدی تف هەڵناوێ**
**بۆ ئەوانەی مێژووی مردوون،......................**
**ئێمە خۆمان لووتکەکانمان پێشکەش کردوون! (پەشێو،٢٠٠٨، ٣٤٠)**

## تەوەری پێنجەم : حیکایەتی فۆلکلۆری

حیکایەتیش بەشێکی گرینگی فۆلکلۆر پێکدەهێنێت ((بریتییە لە بیرۆکە و ڕووداوی کورت کورت، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە دوای سەرهەڵدانی ئەفسانە، لە بەر ئەوە زیاتر ڕووی لە جیهانی واقیــع کردووە و کەرەستەکانی لە ڕووداوەکانی

ژیانی واقیعی وەردەگرێت)) (ئەحمەد،٢٠١٩، ٧١) هەموو حیکایەتەکان ئامانجی دیاریکراویان لە پشتە جا بۆ کات بەسەربردن و چێژ بەخشین بێت، یاخود بۆ ئامۆژگاری و سوود وەرگرتن بێت. ڕووداوەکانی ناو حیکایەتەکان دەشێت ڕووداوێکی ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی بن. لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشدا خەرمانێکی گەورەی حیکایەتی فۆلکلۆریمان هەیە، شاعیرانیش هاتوون سوودیان لەم بەشە گرنگەی فۆلکلۆر وەرگرتووە و ئاوێزانی شیعرەکانیان کردووە.

- شێرکۆ بێکەس سوودی لە حیکایەتی (**هەڵە کۆک**) وەرگرتووە، کە ئەم حیکایەتە گفتوگۆیە لە نێوان بەفر و هەڵە کۆک، لە وەرزی زستان بەفر دەچێتە خوازبێنی هەڵە کۆک، ئەویش وەڵامی دەداتەوە پێی دەڵێت من بچووکم هێشتان پرچم بەرنەداوەتەوە، لە بەهار شووت پێدەکەم. لە وەرزی بەهاردا هەڵە کۆک بە بەفر ئەڵێ خۆت ئامادە بکە ئەوە من پرچم درێژ بوو و گەورە بووم، بەفریش دەڵێت دوای چی ئەوە من توامەوە.... شێرکۆ بێکەس دەڵێت :

**بەفر نوستووە و هەمیشە**
**خەون ئەبینێ**
**خەونەکانی نە بۆ شیعر و هەڵە کۆک و**
**نە بۆ کەس بگێڕیتەوە**
**چونکە کە هەتاو خەبەری ئەکاتەوە**
**چی بینیوە ئەتوێتەوە**
**ئاو ئەیانبا !** **(بێکەس،٢٠٠٢، ٨٠)**

واتا بەفر ناتوانی خەونەکانی بگێڕێتەوە، چونکە کە ڕۆژ خەبەری دەکاتەوە تواوەتەوە.

- پەشێو سوودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری (**کچی شای پەرییان**) وەرگرتووە، گوایە ئەم ڕووداوە لە ناوچەی گەرمە سێر ڕوویداوە، باس لە کچێکی خزمەتکار دەکات، کە لەماڵی پاشایەک دەژێت، پاشایەکە زۆر خراپ و دڕندە بووە کۆمەڵێک سەگی هاری ڕاگرتووە بۆ ئەوەی لەو کەسانەی بەردا کە گوێڕایەڵی ناکەن، کچی پاشا زۆر ناشرین بووە حەسوودی بە کچە خزمەتکارەکە بردووە، چونکە خاوەنی پرچێکی

درێژو روخسارێکی جوان بووە. دواتر کچی پاشا تەڵە بۆ کچە خزمەتکارەکە دادەنێت، سەگەکانی بابی تێبەردەدات. بۆیە باوکی کچە خزمەتکارەکە دەبات بۆ لای حەکیم زادە و کچە خزمەتکارەکە واتا (کچی شای پەرییان) هاوسەرگیری دەکەن. پەشێو لە شیعری (شیعر و تاج)دا سوودی لەم حیکایەتە وەرگرتووە و دەڵێت:

**کە سەر بە شانم دەکەی**
**شای وڵاتی پەرییانم**
**کە گڕ دەگری و دەتۆرێی**
**شاعیری خەم و ژانم. (پەشێو،٢٧٠،٢٠٠٨. )**

پەشێو لێرەدا ئەم وێنەیەمان نیشان دەدات کە بە دڵدارەکەی دەڵێت کاتێ سەرت لەسەر شانمە وا هەست ئەکەم شای وڵاتی پەرییانم.

لەتیف هەڵمەتیش سوودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری (**کوڕە کەچەڵ**) وەرگرتووە، کە چۆن وەک بچووکترین برا دەبێتە پاڵەوان، هەرچەندە لە روخسارەوە ناتەواوی و کەموکوریەکی هەیە، بەڵام لە ناوەرۆکدا بە پێچەوانەوە هەڵگری هێزێکی زۆرە، لە پاڵ ئەو تێڕوانینەی، کە دەوروبەری هەیانە بۆی. (لەتیف هەڵمەت)یش مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم حیکایەتەدا کردووە، ئەم ڕووداوە لە بیری شاعیردا ماوەتەوە، بەوەی لە سەرەتادا بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت، (مناڵ بووم بۆیان دەگێڕامەوە) کە ئەمە بۆتە کلیلی چوونە نێو مەبەستی سەرەکیی شاعیر، ئەویش مەبەستی لایەنە ڕامیارییەکەی سەردەمی خۆیەتی و دەڵێت:

**چەندم حەز دەکرد گەورەبم وەکو کوڕە کەچەڵە**
**وەک پاڵەوانی ئەو گشتی مەتەڵە**
**پێ لە ئاوزەنگی هەر بەتەنها خۆم**
**چەم و بیابان پەی کەم و بڕۆم**
**چل چرای شەوان**
**لە قەڵای دێوان**
**بێنم بۆ ماڵە تاریکەکەمان....... (هەڵمەت،٥٦،٢٠١٤)**

شاعیر بە گیانێکی یاخیبووانە ئەو هەستەی دەربڕیوە، کە پاڵەوانی کوڕە کەچەڵ هۆکارێکی سەرەکی ئەم حەزەیەتی، کە هەر لەگەڵیدایە تا بەدی دێت، قەڵای دێوان مەبەستی دوژمنی کوردە و چل چرای شەوان مەبەستی مافەکانیەتی و ماڵی تاریکیش مەبەستی کوردستانە.

**تەوەری شەشەم : گۆرانی**

گۆرانی شێوەیەکی کۆنی فۆلکلۆرە، کە دەڵێن گۆرانی واتا شیعری بچووک و کورت، بەشێکی دیاریکراوی هۆنراوە ی لیریکە، ((بریتییە لە هۆنراوەیەکی کورتی لیریکی (ئاوازدار)، کە سەردەم و کات و شوێن و خاوەنەکەی دیار نییە، کۆمەڵگە بە خاوەنی دادەندرێت.)) (ئەحمەد،٢٠١٩،٨٥) گۆرانی لە کۆنەوە پەیدابووە، مرۆڤەکان کاتێ خەریکی کۆکردنەوەی بەروبووم و دروێنە بوونە، هەر لەو کاتەدا لەبەر خۆیەوە شتێکی وەکو ئاواز و گۆرانی گوتووە، بە زمانێکی سادە و ساکار بووە، بە جۆرێک هەمیشە گوزارشتی ناخی کۆمەڵگەکەی بووە، خۆشی و ناخۆشی و خەم و ئازاری سەردەمیان دەربڕیوە، گۆرانییەکان بە کۆمەڵ دەوترێت، یەکێک گۆرانییەکە دەڵێت و ئەوانی تر تێکڕا بە دوایدا دەڵێنەوە یانیش هەمووان پێکەوە گۆرانییەکە دەڵێن. گۆرانی لە سەردەمی ئێستا و ڕابردووشدا لە کاتی بۆنەکان و کارکردندا، بە تایبەتی لە کاتی کارکردن بە کۆمەڵ و هەرەوەزدا هاوبەشیانە وتراوە. هەریەک لەو جۆرە گۆرانییانە دەرخەری ڕەوشت و دابونەریت و ژیانی گەل نیشاندەدات. ئەمەش کاریگەری لەسەر شاعیران هەبووە و ئاوێزانی دەقەکانیان کردووە.

- شێرکۆ بێکەس سوودی لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بینیوە و دەقئاوێزانی شیعرەکەی کردووە،

**گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە دەڵێ ( کۆچی یارم کۆچی سوورە بەهارە و خێڵ بەرەو ژوورە)**

شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت:

**ئەمە کۆچی ڕەشی یارە و ئەمە کۆچی**
**پووش و پەڵاشی مێژووە**

**ئەمە کۆچی کاروان و سەدای یادگارە و**
**کۆچی کۆچە و**
**هاوینە و خێڵ بەرەو خوارە!      (بێکەس،٢٠٠١، ٢٣٧)**

شێرکۆ بێکەس وێنەیەکی تری ڕازاوەی بەم گۆرانییە بە خشیوە، لە بەرگێکی تازەی هەڵکێشاوە.

- **لەتیف هەڵمەت** دەقئاویزانی لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆری (**ئامۆزا تۆ باڵا بەرزیت ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزیت**)دا کردووە و لە شیعری (ئامۆزا گیان)دا دەڵێت:

**تۆ دووریت و ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان**
**هەزارەها چەتەی برسی**
**لەنێوان سنوورە ئامۆزاگیان**
**ئەگەر دەستم نەگاتە تۆ**
**گەر مژی ماچی خەستم نەگاتە تۆ**
**ئەگەر چۆلەکەی هەڵبەستم نەگاتە تۆ**
**لێم ببوورە...**
**ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان      (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٠١)**

لە تێکڕای شیعرەکەدا (ئامۆزا گیان ) دووبارە دەبێتەوە، لە ناونیشان و وێنەی شیعرەکەدا ڕەنگدانەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە بەدی دەکرێت.

وەکو دەزانین (**لایلایە** ) جۆرێکە لە گۆرانی فۆلکلۆریی کۆن و، بەردەوام لەسەر زاری دایکان بووە بۆ ڕۆڵەکانیان، لە ڕێگەی ئەم لایلایەوە ڕۆڵەکانیان لاواندۆتەوە و پەیام و ئامۆژگاری لەم جۆرە دەقە فۆلکلۆرییە هەبووە. (عەبدوڵڵا پەشێو)یش بە سوود وەرگرتن لەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە دەقی جوان و بە پێزی دارشتووە، لە چەند دەقێکیدا بەرچاو دەکەوێت، لە شیعری (جاران و ئێستا)دا دەڵێت:

**ئێستا....شیعر**
**لایە لایەی خەواندنی**
**بڵێسە و برووسکە و پێڵە.   (پەشێو،٢٠٠٨، ١٨١)**

لە شیعری (تابلۆی ژیانم)دا دەڵێت:

**منم ـ لایلایەی هەژاری و رۆژگار،**

**ناڵەی دەوروپشت هەناسەی ئازار (پەشێو،٢٠٠٨،٣٣)**

پەشێو لە شیعرێکی تریدا سوودی لە دیاردە فۆلکلۆرییەکان و گۆرانی فۆلکلۆری وەرگرتووە و دەڵێت:

**هاتن هاتن کۆسە هاتن**

**هاتن هاتن**

**دەرگە داخەن کۆسە هاتن،**

**((هەیاران و مەیاران**

**یاخوا دەکاتە باران**

**بۆ فەقیرو هەژاران)) (پەشێو،٢٠٠٨، ٢٧٧)**

لێرەدا شاعیر دەقێکی فۆلکلۆری تێهەڵکێش و ئاوێزانی شیعرەکەی کردووە و ئیلهام بەخشی بووە، شاعیر (کۆسە)ی هێناوە لە کلتووری کوردەواریدا بەو کەسە دەڵێن ڕووی خۆی بە تەنی ڕەش، ڕەش دەکات، لە کاتی وشکەساڵی و بێ بارانیدا، کۆمەڵێ خەڵک دوای دەکەون و بە ناو ماڵاندا دەسووڕێتەوە، بۆئەوەی باران ببارێ، شاعیریش لە ئەنجامی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد ئاژاوە و سەرلێشێواوی یەخەی خەڵکی گرت، وەک چۆن کۆسە بە کۆمەڵ لە دەرگای ماڵان دەدەن و بێزاریان دەکەن هەرواش بێگانە پەرستان، بەناوی چەوساوەکان لە دەرگای ماڵان دەدەن.

**ئەنجام**

١- لە چەمکی دەقئاوێزاندا ئەوەی بەدی دەکرێ لە دەقدا ئاستی داهێنان دەبێتە پێوەر بەتایبەتی بیرۆکە و شێوازەکان، جا چ بەئاگایی یا بێ ئاگایی بێ، لە نەستی نووسەر لە دەقی ئەدەبی ڕەنگدەدەنەوە، بۆیە لە دەقئاوێزاندا لێکچوونی بیرۆکە و شێوازی دەقی ئەدەبی ناکەوێتە خانەی دزیی ئەدەبییەوە.

٢- چەمکی دەقئاوێزان سەرەتا لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپاوە سەری هەڵداوە، لە ئەدەبی کوردیشدا درەنگ سەری هەڵدا، سەرەتا نامۆ بووە تا دوای ڕاپەڕین، لەدوای ڕاپەڕینەوە باسی لێوەکراوە.

٣- سەبارەت بە پەیوەندیی ئەدەبی بەراوردکاری و دەقئاوێزان، ڕاستە نزیکایەتی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هەریەک لەمانە خاوەنی یاسا و سیما و پرەنسیپ و میکانیزمی تایبەت بە خۆیانن لە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان دەقەکاندا.

٤- لە نێو یاساکانی دەقئاوێزاندا لە ئاست هەرسێ یاسای جوینەوە و هەڵمژین و گفتوگۆدا، لە شیعرەکانی هەر سێ شاعیردا زیاتر لە یاسای هەڵمژین و گفتوگۆدا دەردەکەون، بەجۆرێک کە هەردووکیان تێکەڵ دەبن بەمەش پلەی ناڕوونی بە دەقەکە دەبەخشن و ناسینەوەی بیرۆکەکان دەقئاوێزانییەکە زەحمەت دەبێت بەرەو کاری تازە و دەڕوات، هەندێ جاریش پلەی ڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام بەشێوازی جیاواز و تازە. لە کۆی شیعرەکانیشدا زیاتر دەقئاوێزانی دەرەکی بەدی دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەی شاعیران لە بارەی فۆلکلۆرو کلتوور و مێژوو... هەیانە کە لە ڕێگەی دەقە ئەدەبییەکانەوە خستوویانەتە ڕوو.

٥- دەقئاوێزان لەگەڵ کلتوور و کەلەپووری نەتەوەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و شاعیران سەرلەنوێ بە شێواز و یاسا و میکانیزمی جیاوازەوە دایانڕشتۆتەوە، کە زیاتر مۆرکێکی کلتووری و فۆلکلۆری نەتەوەییان پێوە دیارە، بیرۆکەکانیان وەک خۆیان وەرنەگیراون، بەڵکو گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە و بە واتا فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان و نزیک لە بیرۆکەکەش و بەستراونەتەوە و مانای تریشیان لێ دروستکراوە.

٦- عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس زۆر وەستایانە توانیویانە بیر و بەهرەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و کلتووری کوردی هەڵمژن و قووڵ ببنەوە لە نێو ئەفسانە و فۆلکلۆر و کلتوور و داب و نەریت و حیکایەت و داستان و گۆرانی و پەندی پێشینان، بەشێوەیەکی زۆر جوان لەگەڵ شیعرەکانی خۆیان ئاوێتە بکەن و بەرەچاوکردنی یاساکانی دەقئاوێزان خۆیان زیاتر لە تواندنەوە و هەڵمژین و دیالۆگ نزیک کردۆتەوە، هەندێ جاریش دەقئاوێزانەکە لە دەقدا بە ڕوونی دیارە و هەندێ جاریش پێویستی بە وردبینییەکی قووڵ هەیە، چونکە نادیار و تەمومژاوییە.

## سەرچاوەکان

### کتێب بەزمانی کوردی


- ئەحمەد، کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
- ئەڵوەنی، نەجم خالید، ٢٠١٢، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی پێنجەمین کتێب ی جەبار جەمال غەریب دا، بەڕێوەبەریەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- بەرزنجی، عومەر مەعروف، ٢٠٠٦، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، چاپخانەی شیڤان، سلیمانی.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٢، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی شەشەم٢٠٠٤-٢٠٠٦، کوردستان.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٢، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پرژە، سلێمانی.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- ڕەسول، عیزەدین مستەفا، ١٩٧٠، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا.
- محمود، شنۆ محمد، ٢٠١٣، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

- مەعرووف، د. کەمال، ٢٠٠٧، ڕەخنەی نوێی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری –بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤، دیوانی لەتیف هەڵمەت، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

**نامەی ماستەر**

- قادر، ئاوارە فەرەیدون، ٢٠١١، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

**گۆڤار**

- خەیات، ئاری عوسمان (کفری)، ٢٠١٢، دەقئاوێزان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٧٨، هەولێر.
- غەمبار، کەمال، ١٩٩٦، ئەنوەر مەسیفی و هەنگاونان بەرەو نوێخوازی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١، هەولێر.

**پێگەی ئەلیکترۆنی**

- https،//www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=22841&type=farhang

**کتێب بەزمانی عەرەبی**

- الصكر، حاتم، ١٩٩٨، ترويض النص، الهيئة المصرية العامة للكتاب، سلسلة دراسات ادبية.
- تشاندلر، دانيال، ٢٠٠٨، اسس السيميائية، ترجمة د. طلال وهبة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
- جوف، فانسان، ٢٠٠٤، الادب عند رولان بارت، ترجمة د. عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-لاذقية.
- خمرى، حسين، ٢٠٠٧، نظرية النص، الدار العربية للعلوم، ناشرون، بيروت-لبنان.
- كريستيفا، جوليا، ١٩٩١، علم النص، ترجمة فريد الزاهي، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب.
- ناظم، احمد، ٢٠٠٤، التناص في شعر الرواد، دار الشؤن الثقافي العامة، بغداد-العراق.

## پوختە

## دەقئاوێزانی کلتووری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

## بە نموونەی (عەبدوڵڵا پەشێو ، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت)

ئەدەب دیاردەیەکە لە ژێر کاریگەریدایە، دەقئاوێزانیش لە ڕێگەی کاریگەریی نووسەران لەسەر یەکتری جا بە ئەدەبی پێش خۆیان بێت یا سەردەم و کاریگەری مێژوو و کلتوور و ئەدەبیاتی بێگانە و.... لە دەقەکانیان ڕەنگدانەوەی دەبێت، نووسەر وێنای هەستە ناوەکییەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی پێدەدات لە دەرەوە بە شێوەیەکی هونەریی بەرز. دەقئاوێزانی ئەدەبی گەڕانە بەدوای پەیوەندیی نێوان دەقە ئەدەبییەکان و دۆزینەوەی ئەو کاریگەری و کارلێککردنەی لە نێوانیاندا هەیە. دەقئاوێزان لە سەرەتادا لە ئەوروپا سەری هەڵداوە دواتریش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەدەبی عەرەبیدا و دواتریش لە ئەدەبی کوردیدا، هەرچەندە ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا چەمکێکی نوێیە و دەتوانین بڵێین تا پێش ڕاپەڕین زۆر بەکەمی شت لەسەر ئەم بابەتە دەبینرێت، دیارە دەق بەبێ دەقئاوێزان نابێت لە ڕووی وەرگرتن و داهێنان و توانای نووسەرەوە، لەمەوە بایەخی نووسەرت بۆ دەردەکەوێت. لێرەدا دیاردەکانی دەقئاوێزان و دەقئاوێزانی کلتووری لە شیعردا و لە چەند شیعرێکی شاعیرانی هاوچەرخ (عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس) بەنموونە ڕاستەوخۆ ئەو بوارەی لەبەردەم لێکۆڵینەوەکەماندا دەکاتەوە. ئەمەش هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرانە بەپێی دەقئاوێزان. سنووری لێکۆڵینەوەکەشمان تایبەتە بە چەمکی دەقئاوێزانی کلتووری لای (عەبدوڵڵاپەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس ) چەند نموونەیەکی شیعریمان وەرگرتووە. لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی، وەسفی شیکاری پراکتیکی کراوە. بنیادی لێکۆڵینەوەکەشمان بەم جۆرە داڕشتووە، جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمك و زاراوە و کورتەیەك لە مێژووی دەقئاوێزان و جۆرەکانی دەقئاوێزان خودی - ناوەکی - دەرەکی و جیاوازیی نێوان دەقئاوێزان و دزیی ئەدەبی کراوە. لە بەشی دووەمیشدا باس لە دەقئاوێزانی کلتووری شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس لەگەڵ ئەفسانە و کلتوور و داستان و پەندی پێشینان و حیکایەتی فۆلکلۆری و گۆرانی فۆلکلۆری کراوە.

## الملخص

## التناص التراثي في الشعر الكوردي المعاصر

## (عبدالله بشيو ، لطيف هلمت ، شيركو بيكس) انموذجا

الأدب ظاهرة تحت تأثير مباشر وبشكل مستمر، ومن تلك الظواهر التي ظهرت متأثراً بتلك التغييرات هي التناص، وقد جاءت تلك الظاهرة نتيجة تأثير الشعراء بمن سبقوهم أو بالتراث الثقافي الموروث أو الأجنبي، لأن الكاتب أو الشاعر يصور المشاعر الداخلية ويعكسهُ في أعماله بطريقة فنية عالية الجودة، التناص يبحث عن علاقة التأثُر بين النصوص الأدبية ويظهره وذلك بقصد تحريك الجوانب الأدبية بحس فني للنصوص المنقولة لدى الأديب، و يُظهر مدى تأثُره في نقل تلك النصوص وتوظيفه. التناص في بداياته ظهرَ في أوروبا وبعد ذلك في الشرق الأوسط وبالتحديد في الأدب العربي وبعدها انتقلَ إلى الأدب الكوردي، لهذا يعتبرُ هذا المصطلح حديث الإستخدام في الأدب الكوردي، لأنه لم يظهر إلاَ بعد الإنتفاضة. التناص يُظهر براعة الشاعر في أخذ النص الأصلي وتوظيفه في أعماله دون أن يحس به المتلقي بشكل مباشر، وفي بحثنا هذا نأخذ ظاهرة التناص التراثي في الشعر تحديداً في الأدب المعاصر لدى الشعراء ( عبدالله بشيو، لطيف هلمت، شيركو بيكس ) أنموذجاً، وهذا يعتبر محاولة لقراءة أشعار أولئك الشعراء وإظهار ظاهرة التناص في أشعارهم، وبالتحديد التناص التراثي عن طريقة أخذنا لبعض النصوص الشعرية التي تعكس التناص التراثي بالتحديد. وفي بحثنا قد سلكنا الطريقة التاريخية التحليلية، ويتضمن البحث من المقدمة وقسمين رئيسيين والنتائج، و قائمة المصادر والمراجع، في القسم الأول تحدثنا عن المصطلح وتاريخ ظهوره وأنواعه بشكل مختصر، وبيننا الفرق بين التناص والسرقة الأدبية، وفي القسم الثاني تحدثنا عن التناص التراثي في شعر عبدالله بشيو و لطيف هلمت و شيركو بيكس في كل أنواع التأثر الذي أخذ منه النص من التراث والملحمة والخرافة والأمثال والقصص التراثية والأغاني الشعبية التراثية.

## Abstract

### Traditional Intertextuality in contemporary Kurdish poetry (Abdullah Pashew, Latif Helmet, Sherko Bekas) Examples

Literature is a phenomenon that comes under direct and continuous influence of changes, and one of those phenomena that appeared affected by these changes is intertextuality. High-quality artistic, intertextuality searches for and shows the relationship of influence between literary texts with the intention of moving the literary aspects with an artistic sense of the texts transmitted by the writer, and shows the extent of his influence in the transfer and employment of those texts. Intertextuality in its beginnings appeared in Europe and later in the Middle East, specifically in Arabic literature, and then moved to Kurdish literature, so this term is considered modern in use in Kurdish literature, because it did not appear until after the uprising. Intertextuality shows the poet's ingenuity in taking the original text and employing it in his works without the recipient directly feeling it. It is an attempt to read the poems of these poets and to show the phenomenon of intertextuality in their poems, specifically the traditional intertextuality by taking some poetic texts that specifically reflect the heritage intertextuality.In our research, we have taken the historical-analytical method, and the research includes the introduction, two main sections, conclusion, and a list of sources and references. In the second section, we talked about the traditional intertextuality in the poems of Abdullah Pashew, Latif Helmet, and Sherko Bekas in all kinds of influence under which the text came, including from heritage, epic, myth, proverbs, heritage stories and traditional folk ballad.